انعكاس مبادئ منهج النقد البيئي في الرواية (٢١٣٩) من (ديلدار ديل ري).

م.م. سعد ميكائيل عزيز
saad.azeez@auas.edu.krd
م.م. صهيب ميكائيل عزيز
suhaibmikail88@gmail.com
م.م. كارزان احمد عبدالرحمن
karzanfeqi89@gmail.com
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة ئاكرێ للعلوم التطبيقية، ئاكرێ ، إقليم كردستان - العراق.

الكلمات المفتاحية: النقد البيئي، Ecocriticism، منهج النقد البيئي، رواية (٢١٣٩)، دلدار دالەرێ، النقد الأدبي الكردي.

كيفية اقتباس البحث

عزيز , سعد ميكائيل , صهيب ميكائيل عزيز , كارزان احمد عبدالرحمن , انعكاس مبادئ منهج النقد البيئي في الرواية (٢١٣٩) من (ديلدار ديل ري).,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٨ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر (Creative Commons Attribution) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

Reflections on the Principles of Eco-Criticism in the Novel (2139) by Dildar Dil Rey.

Assistant Lecturer: Saad Mikael Aziz
saad.azeez@auas.edu.krd

Assistant Lecturer: Suhaib Mikael Aziz
suhaibmikail88@gmail.com

Assistant Lecturer: Karzan Ahmed Abdulrahman
karzanfeqi89@gmail.com
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Akre University of Applied Sciences, Akre, Kurdistan Region - Iraq.

Keywords : environmental criticism, ecocriticism, the methodology of environmental criticism, the novel (2139), Daldar Dalerrê, Kurdish literary criticism.

How To Cite This Article
Aziz , Saad Mikael , Suhaib Mikael Aziz ,Karzan Ahmed Abdulrahman , Reflections on the Principles of Eco-Criticism in the Novel (2139) by Dildar Dil Rey. ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This study, entitled ‘Manifestations of the Principles of Ecocriticism in the Novel 2139 by the novelist Daldar Dalerré,' aims to examine the novel 2139 from the perspective of ecocriticism and to reveal the extent to which the principles of this approach are embodied in the novel’s intellectual and artistic content.
The main issue addressed by this study is the scarcity of applied Kurdish studies dealing with ecocriticism, particularly in the genre of the novel. To achieve the study’s objectives, the researcher adopted a descriptive–

analytical approach, analyzing the novel on the basis of the theoretical mechanisms and criteria underpinning the approach of ecocriticism.
The results of the study indicated that the novel 2139 does not treat the environment merely as a setting in which events unfold but rather presents it as an active and influential element in shaping meaning, guiding the narrative's trajectory, and constructing relationships between humans and nature. Furthermore, the author deliberately highlights environmental risks and their implications for humanity's future and, through the novel's message, seeks to foster environmental awareness among readers.
This study aims to be a step towards broadening the horizons of modern literary criticism in Kurdish literature and to serve as a useful academic reference for researchers and students of literary studies, particularly in literary criticism.
In addition to the introduction, conclusions and list of sources, this study consists of two main parts: in the first part (terms, definitions, importance, pioneers of environmental criticism, emergence and mechanisms of text analysis according to the principles of environmental criticism Different topics are discussed. In the second part, the principles of environmental critical method are reflected in Dildar Dalare's novel

الملخص

تسعى هذه الدراسة الموسومة بـ **(تجليات مبادئ منهج النقد البيئي في رواية (٢١٣٩) للروائي دلدار دالەرێ)** إلى دراسة رواية **(2139)** من منظور منهج **النقد البيئي (Ecocriticism)**، والكشف عن مدى تجسد مبادئ هذا المنهج في المضمون الفكري والفني للرواية.

تتمثل الإشكالية الرئيسة للدراسة في **ندرة الدراسات الكردية التطبيقية** التي تناولت **النقد البيئي(Ecocriticism)** ، لا سيما في **جنس الرواية،** الأمر الذي أوجد فجوة بحثية تستدعي المزيد من الدراسة والتحليل. ولتحقيق أهداف الدراسة اعتمد الباحث **المنهج الوصفي–التحليلي،** حيث جرى تحليل الرواية استنادا إلى الآليات والمعايير النظرية التي يقوم عليها **منهج النقد البيئي.(Ecocriticism)**

أظهرت نتائج الدراسة أن رواية **(2139)** لا تتعامل مع البيئة بوصفها مجرد فضاء تدور فيه الأحداث، وإنما تقدمها بوصفها **عنصرا فاعلا ومؤثرا** في تشكيل الدلالة، وتوجيه مسار السرد، وبناء العلاقات بين الإنسان والطبيعة. كما يسلط الروائي بأسلوب واع ومدروس الضوء على المخاطر البيئية وتداعياتها على مستقبل البشرية، ويسعى من خلال الرسالة التي تحملها الرواية إلى تعزيز الوعي البيئي لدى القارئ.

تسعى هذه الدراسة لان تكون خطوة نحو توسيع آفاق **النقد الأدبي الحديث** في الأدب الكردي، وأن تكون مرجعا علميا مفيدا للباحثين وطلبة الدراسات الأدبية لا سيما في مجال النقد الأدبي.

بالإضافة إلى المقدمة والخاتمة وقائمة المصادر، تتألف هذه الدراسة من جزأين رئيسيين: يتناول الجزء الأول المصطلحات والتعريفات وأهمية النقد البيئي ورواده، ونشأته وآلياته، بالإضافة إلى مناقشة مواضيع مختلفة. أما الجزء الثاني، فيُظهر انعكاس مبادئ المنهج النقدي البيئي في رواية ديلدار دالاري.

ڕەنگدانەوەی بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی لە ڕۆمانی (٢١٣٩)ی (دلدار دالەڕێ)دا

م.هـ. سعد ميكائيل عزيز
saad.azeez@auas.edu.krd
م.هـ. صهيب ميكائيل عزيز
suhaibmikail88@gmail.com
م.هـ. كارزان ئەحمەد عەبدولرەحمان
karzanfeqi89@gmail.com
پشکا زمانێ کوردی ،کۆلیژا پەروەردە، زانکۆیا ئاکرێ بۆ زانستێن کرداری، ئاکرێ، هەرێمی کوردستان – ئێراق.

.پوختە:
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی «ڕەنگدانەوەی بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی لە ڕۆمانی (٢١٣٩)ی دڵدار دالەڕێدا» هەوڵدەدات ڕۆمانی (٢١٣٩) لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی (Ecocriticism)ەوە بخاتە بەر لێکۆڵینەوە و ئاستی بەرجەستەبوونی بنەماکانی ئەم میتۆدە لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدا دیاری بکات. کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە کەمی توێژینەوە پراکتیکییە کوردییەکان لە بواری ڕەخنەی ژینگەیی بە تایبەت لە ژانری ڕۆماندا. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، ڕێبازی وەسفی–شیکاری بەکارهاتووە و شیکردنەوەی ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای میکانیزم و پێوەرەکانی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی ئەنجام دراوە. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ڕۆمانی (٢١٣٩) ژینگە تەنها وەک شوێنی ڕووداوەکان ناناسێنێت، بەڵکو وەک هێزێکی کارا لە دروستکردنی واتا و ئاراستەکردنی گێڕانەوە و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت بەرجەستە دەکات. هەروەها، ڕۆماننوس بە شێوەیەکی هۆشیارانە مەترسییە ژینگەییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر داهاتووی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو و هەوڵدەدات لە ڕێگەی پەیامی ڕۆمانەکەیەوە هۆشیاری ژینگەیی لای خوێنەر بەرز بکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە، هەنگاوێکە بۆ فراوانکردنی مەیدانی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا و دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی سوودبەخش بۆ توێژەران و فێرخوازانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی.
وشە سەرەکییەکان: ڕەخنەی ژینگەیی، Ecocriticism، میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی، ڕۆمانی (٢١٣٩)، دڵدار دالەڕێ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

.پێشەکی

مرۆڤ و ژینگە دوو چەمکی لێکدانەبڕاون، ئەدەبیش هەمیشە ئاوێنەیەک بووە بۆ نیشاندانی ئەم پەیوەندییە. لەگەڵ سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیا و مەترسییە ژینگەییەکان، ڕەخنەی ئەدەبی میتۆدێکی نوێی بەناوی (ڕەخنەی ژینگەیی) پەرەپێدا بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن دەقە ئەدەبییەکان مامەڵە لەگەڵ سروشت و کێشە ژینگەییەکاندا دەکەن. ڕۆمان وەک ژانرێکی گرنگی ئەدەبی، پانتاییەکی فراوانە بۆ

نێوانکــۆیی مــرۆڤ و ژیــنگە، بەتــایبەت ئەو ڕۆمانــانەی ڕوو لە ئایندە دەکەن. ڕۆمــانی (٢١٣٩)ی ڕۆمــاننوس (دڵــدار دالەڕێ) یەکــێکە لەو کــارە نــاوازانەی کە تێیــدا ژیــنگە تەنهــا پاشــبنەما نیــیە، بەڵکــو کــارەکتەرێکی ســەرەکی و بــزوێنەری ڕووداوەکــانە. هەڵــبژاردنی ئەم بــابەتە بــۆ ئەوە دەگەڕێــتەوە کە مێتــۆدی ژیــنگەیی لە ڕەخــنەی کوردیــدا هێشــتا وەک پێویســت ئــاوڕی لێ نەدراوەتەوە و ئەم ڕۆمــانەیش کەرەســتەیەکی دەوڵەمەنــدە بــۆ ئەم جۆرە توێژینەوەیە.

ئەم تــوێژینەوەیە لەژێــر ناونیشــانی (ڕەنگــدانەوەی بنەماکــانی مێتــۆدی ڕەخــنەیی ژیــنگەیی لە ڕۆمــانی ٢١٣٩ی دڵــدار دالەڕێ دا) ئەنجــام دراوە. **ســنوری ئەم تــوێژینەوەیە** ڕۆمــانی (٢١٣٩)یــە، کە لە نووســینی (دڵــدار دالەڕێ)یە، بە جەختکــردنەوە لەســەر ئەو ڕەهەنــد و هێمــا ژینگەییــانەی لەنــاو دەقەکەدا بەرجەســتە بــوون. لەم تــوێژینەوەیەدا، پشــتمان بە (**ڕێبــازی** وەســفی . شــیکار) بەســتووە، لەژێــر ڕۆشــنایی بنــەماکان و میکــانیزمی کــارکردنی تیــوری (ڕەخنــەیی ژینگــەیی- Ecocriticism) هەڵســەنگاندن و شــیکردنەوە بــۆ ڕۆمانەکــە دەکــەیــن. **گــرنگی ئەم تــوێژینەوەیە** لەوەدایە بــە پــێی بەدواداچونــەکانمان ئەمــە دەبێتــە یەکــەمین توێژنــەوە لــە دەڤــەری بادینــان کــە بــە گــوێرەی میکــانیزم و بنــەماکانی میتــۆدی ڕەخنــەی ژینگــەیی، کــە میتــۆدێکی نــوێی ڕەخنــەییە، ڕۆمــانی نوســەرێکی دەڤــەری بادینان، بەناوی (٢١٣٩) شرۆڤە دەکات، **ئامانجی سەرەکیمان** بریتییە لە:

١. ناســاندنی میتــۆدی ڕەخنــەی ژینگــەیی و دیــاریکردنی بنەماکــانی ڕەخــنەی ژینگەیی لەنــاو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا.
٢. دیاریکردنی بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی لەناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا.
٣. دەرخســتنی دیــدگای ڕۆمــاننوس (دڵــدار دالەڕێ) بــۆ پەیوەنــدی نێــوان مــرۆڤ و ژیــنگە لە ڕۆمانی ٢١٣٩دا.
٤. هۆشــیارکردنەوەی خــوێنەر ســەبارەت بە مەترســیە ژینگەییەکــان لە ڕێــگەی ئەدەبەوە.

بــۆ گــەیشــتن بــە ئــەنجامی لێکۆڵینــەوە، **ئــەم توێژینــەوەیــە هــەول دەدات لــە کۆتاییدا وەڵامی ئەم پرسیارانەی** دەست بکەوێت:

١- میتــۆدی ڕەخنــەیی ژینگــەیی چییــە؟ ئەگــەر بمانــەوێت دەقــێکی ئــەدەبی لەســەر بنــەمای میتــۆدی ڕەخنــەی ژینگــەیی پراکتیــك بکــەیــن، چ میکــانیزم و بنەمایــەك بــۆ شرۆڤــەکردنی دەقێکی ئەدەبی یان ڕۆمانێك پەیڕەوە دەکرێت؟

٢- ئایــا هــەتا ئێســتا ســەرەتایەك بــۆ بلاوبونــەوەی میتــۆدی ڕەخنــەی ژینگــەی لــە نــاو ڕەخنــەی ئــەدەبی کوردیــدا دیاریکراوە؟ ئایــا ئــەم میتــۆدە بــە شــێوەیــەکی کــەم یــان بــەرفراوان لەلایەن توێژەر و ڕەخنەگرانی کورد بۆ شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبی بەکارهاتووە؟

٣- ئایا بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەیی ژینگەیی لە ڕۆمانی (٢١٣٩) ڕەنگدەنەوە؟

٤- ئایــا ڕۆمــاننوس توانیویــەتی خوێنــەر لــە مەترســیە ژینگــەییــەکان ئاگــادار و هۆشــیار بکاتەوە؟

کێشــەی ســەرەکی ئەم تــوێژینەوەیە لە کەمــیی ســەرچاوەی تیــۆری بە زمــانی کــوردی دەربــارەی (ڕەخــنەی ژینگەیی)دا بــوو، چــونکە ئەم مێتــۆدە لە ئەدەبیــاتی ئــێمەدا تــا ڕادەیەک نــوێیە. هەروەهــا وەرگــێڕانی زاراوە زانســتی و ژینگەییەکــان لە ســەرچاوە بیانییەکــانەوە بــۆ ســەر زمــانی کــوردی ئاســتەنگێکی دیــکە بــووکە هەوڵمــان داوە بە

وريـاييەوە مـامەڵەی لەگەڵ بکەیـن. **ئـەوگرفتانـەی توێژینـەوە چارەسـەریان دەکـات:** لـەناو توێژینـەوە و رەخنـەی ئـەدەبی کوردیـدا (بنـەماکانی میتـۆدی رەخنـەی ژینگـەیی) بـە شـێوەیـەکی فـراوان لەسـەر دەقی ئـەدەبی نەهاتونەتـە پراکتیـك کـردن. لەبـەر ئـەوەی بابـەتی رەخنـەی پـراکتیکی لـە زانکۆیـەکان بـە تایبـەتی لـە بـەشی کـوردی دێتـە خوێنـدن، بۆیـە هـەر قوتابیـەکی بـەشی کـوردی یـان هـەر تـوێژەر و خوێنـەرێکی تـر ئـەم توێژینـەوەیـە بخوێنێتـەوە، بـەرچـاوو رووبی بـاشی تێدایـە و بـە ئاسـانی فـێری پراکتیزەکـردنی بنـەماکانی میتـۆدی رەخنەی ژینگەیی لەسەر دەقی ئەدەبی دەبێت.

ئەم تـوێژینەوەیە جـگە لە پێشـەکی و ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان، لە دوو بەشی سـەرەکی پێکـدێت: لـە **بەشی یەکەمـدا** (زاراوە، پێناسـە، گـرنگی، پێشـەنگەکانی رەخنـەیی ژینگـەیی، سـەرهەلدان و میکانیزمـەکانی شـیکردنەوەی دەق بـە گوێرەی بنـەماکانی رەخنـەیی ژینگـەیی لـە چەنـد تـەوەرێکی جیاجیـا باسـکراون. لـە **بەشی دووەمـدا** رەنگدانـەوەی بنـەماکانی میتـۆدی رەخنـەیی ژینگـەیی لـە رۆمـانی (٢١٣٩)ی (دلـدار دالەرێ)دا هاتۆتە پراکتیك کردن.

بەشی یەکەم:

١- زاراوە، پێناسە و میکانیزمەکانی شیکردنەوەی دەق بەگوێرەی بنەماکانی رەخنەیی ژینگەیی:

١-١ زاراوە، پێناسە، گرنگی و پێشەنگەکانی رەخنەیی ژینگەیی:

١-١-١ زاراوەی رەخنەیی ژینگەیی:

قۆنـاغی شەسـتەکان تـا نەوەدەکـان شـاهیدی سـەرهەڵدانی کۆمەڵێـک تیـۆری رەخـنەی ئەدەبی بـوو لە چوارچێـوەی قۆنـاغی دوای نـوێ بـوونەوە. ئەم تیۆریـانە تیشـکیان خسـتە سـەر کۆمەڵێـک بـابەتی فیکـری و کولتـووری دیـار، وەک چەمکەکـانی کولتـوور، لێکـدانەوە، لێککـردنەوە، داگیرکـاری، نەتەوە، رەگەز، مـێژوو، کۆنتێکسـت، خوێندنەوە، چینایەتی و کۆمەڵگا (الحمداوی، ٢٠١٢).

لە نێـو ئەم رەوتە مـۆدێرنەدا رەخـنەی ژیـنگەیی سـەریهەڵدا، کە بەدواداچـوون بـۆ چـۆنیەتی وێنـاکردنی سروشـت، ژیـنگە، شـوێن و زەوی لە بەرهەمە ئەدەبی و فیکرییەکانـدا دەکـات، هەوڵـدەدات لە پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤەکـان و جیهـانی سروشـتی تێبگـات و چـۆن ئەم پەیوەنـدییە لە گوتـارە کولتـووری و داهێنەرەکانـدا رەنگـدەداتەوە. (الحمداوی، ٢٠١٢).

لە هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا کەسـانێک هـاتن و گوتیـان هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ لەگەڵ سروشـت، پێوەنـدیی دوولایەنەی سروشـت و فەرهەنـگ دەبێ ژیـنگە بخـاتە تـای تەرازووی لێکـۆڵینەوەی ئەدەبی. لە هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا رەخنـەگری ئینگلـیزی (جۆناتـان بەیـت – Jonathan Bate) بە وتارێـک دەربـارەی رۆمانسـیزمی ژیـنگەیی هـات و دەقی ئەدەبـیی لە گۆشـەنیگای کـارتێکەریی دوولایەنەی ئەدەب و ژیـنگە لەسـەر یەکـتر خوێنـدەوە. ئەو بـوو کە ئـاوڕێکی دووبـارەی لە شـیعرە بەناوبـانگەکەی لـۆرد بـایرۆن، تـاریککردنەوە (Darkening) دا و پێوەنـدیی نێـوان (گرکـانە بەسـامەکەی ئەنـدۆنیزیا لە ١٨١٥ و شـیعرەکەی بـایرۆنی) دەستنیشـان کـرد. هەر بەم جـۆرەش رێـگەی خوێنـدنەوەیەکی نـوێی ژینگەییـانەی بـۆ فرانکنشـتاینی (مـاری شـلی – Mary Shelly) کە لە هەمـان سـەروبەنددا نـووسرا بـوو خـۆش کـرد، لەو دەمەوە

ڕەخنەی ژینگەیی بووە بە یەکێک لە ڕێبازە گرنگەکانی خوێندنەوەی دەقگەلی ئەدەبی. بۆ پێشوازیی ئەم تێڕوانینە نوێیەی ئەدەب. (زادە، ٢٠٢٠)

لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا ئاماژە بەوە دەکەن کە زاراوەی "ڕەخنەی ژینگەیی" بۆ یەکەمجار لەلایەن (ویلیام ڕوکرت- William Rueckert) لە ساڵی ١٩٧٨ داهێنراوە، ئەو بە یەکەم ڕەخنەگری ڕۆژئاوا دادەنرێت کە ئەم دەستەواژەیەی وەرگرتووە، لە وتارەکەیدا "ئەدەب و ئیکۆلۆژیا: تاقیکردنەوەیەک لە ڕەخنەی ژینگەیی"دا، کە لە ساڵی ١٩٧٨دا بڵاوکراوەتەوە، دواتر کتێبی "ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی" لە ساڵی ١٩٩٤دا بڵاوکردەوە (علی، ٢٠٢٤: ٩٠٥). پاشان دە ساڵی دیکەی خایاند تا نوسەر وڕەخنەگری ئەمریکی (جلین لوف -GLEN A.LOVE) لە وتارێکدا لەبەردەم کۆمەڵەی ئەدەبیاتی ئەمریکای ڕۆژئاوا داوای "ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی" دەکات. ئەم وتارە دوای ساڵێک لە گۆڤاری (ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی ئەمریکا) بڵاوکرایەوە و بانگەوازەکەی ئیلهام بەخش بوو بۆ کۆمەڵێک توێژەری گەنج کە لە ساڵی ١٩٩٩ چاویان پێیان کەوت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و ژینگە. (آدمي، ٢٠٢١: ١٠٤).

لە ناو ئەدەبیاتی وەلاتانی ڕۆژئاوادا بەرانبەر (ڕەخنەیی ژینگەیی) زاراوەی جۆراوجۆر ناوەبرێت، وەکو:

١. لێکۆڵینەوەی کولتووریی سەوزە - Green Cultural Studies).
٢. شعرییەتی ژینگەیی (Ecopoetics)
٣. "ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی" (Environmental Literary Criticism)
٤. "ڕەخنەی ژینگەیی"،(Ecocriticism)
٥. خوێندنی سەوز (Green Studies)
٦. ڕەخنەی سەوز (Green Griticism) (بدران، ٢٠١٥: ١٩٤) .

زاروەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی زۆرن، بەڵام بە گشتی لەسەر لێکۆڵینەوە لەو ئەدەبیاتە کۆکن کە مامەڵە لەگەڵ ژینگەدا دەکات. ئاماژە سەرەکییەکان بۆ گرنگیدان بە ڕەخنەی ژینگەیی، سەرهەڵدانی فەلسەفە ئیکۆلۆژییەکان و ڕێکخراوە ژینگەییەکان بوو کە داوای سەرلەنوێ سەیرکردنەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە جوگرافییەکەی دەکرد بە مەبەستی بەهێزکردن و کەمکردنەوەی تۆندی لەناوچوون و کەمبوونەوەی ئەو سەرچاوانەی کە بەرکەوتەی دەبێت(عوف، ٢٠٢٥ : ٢٢١)

بەڵام زاراوەی (Ecocriticism) زۆرترین زاراوەیە کە لە ئەمریکادا بەکاردەهێنرێت، لەوێشەوە بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو تایبەتمەندییە جەوهەرییەی هەیە کە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەم جۆرە کارانە مەیلی بیرکردنەوەی ژینگەیی هەیە بە هەردوو مانای مەجازی و زانستی (طابور و النعاس، ٢٠٢٣، ٩٧٠)، و هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە زاراوەی (ڕەخنەی ژینگەیی – النقد البیئی – Ecocriticism) زاراوەیەی فەرمی، فەلسەفی و زانستیترینە لە ناو هەموو ئەوانەدا (طابور و النعاس، ٢٠٢٣: ٩٦٩).

بەڵام لەناو لە نێو ئەدەبیاتی عەرەبیدا باوترین و بەرفراوانترین زاراوە خودی " النقد البیئی" بەکارهێنراوە. ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە:

١. چونکه نزیکترین وەرگێڕانی زاراوەی "Ecocriticism "ە.
٢. زۆرتـرین زاراوەیە کە لە کتێـبی خوێنـدنی زانکـۆ و تـوێژینەوەی عەرەبی مـۆدێرن بەکاردێت.
٣. جـگە لەوەش هەڵگـری مانـایەکی ڕوون و ڕاسـتەوخۆیە کە خـوێنەری عەرەب بەبێ دووفاقی لێی تێدەگات(طابور و النعاس، ٢٠٢٣: ٩٦٩).

زاراوەی دیـکە- وەک "شـیعری ژیـنگەیی" یـان "تـوێژینەوە سـەوزەکان"- لە چوارچێـوەی سـنووردارد یـان تەنیـا لە نێـوان چەنـد تـوێژەرێکی کەمـدا دەردەکەون، بەڵام بەقەد زاراوەی "ڕەخـنەی ئیکۆلـۆژی" بەربـڵاو نـین. بـەلام ڕەخنەگـرانی ژیـنگەیی پێـان باشـترە کە لە شـوێنی زاراوەی (ژیـنگە – البیئـة) زاراوەی (ئیکۆلۆژیـا) بەکـار بهێنرێـت. (طابور و النعاس، ٢٠٢٣: ٩٦٩).

ڕەخنـەگر و تـوێژەرانی کـورد لـە نوسـینەکانیاندا زاراوەکـانی (ئیکـۆ لـۆژی، ئیکۆکریتیسـیزم، ڕەخنـەیی ژینگـەیی)یان بـەکارهێناوە. لە نێـوان ئەو زاراوانەی باسـیش کـراون، پێمـان وایە زاراوەی (ڕەخـنەی ژیـنگەیی) کـە لـە بەرانبـەر (Ecocriticism)ی ئینگلـیزی و (النقـد البیئي)عەرەبیـدا دێـت، باشـترین و گونجـاوترین زاراوەیە بـۆ بەکارهێنـان، بەتـایبەتی لە تـوێژینەوەی زانسـتی و ئەکادیمیـدا، هۆکارەکـەشی بـۆ ئـەم خالانەی خواراوە دەگەڕێنینەوە:

أ- ڕەگ و ریشـەیی زارازوە (ڕەخنـەی ژینگـەیی) کوردییـە، بـەلام ریشـەی (ئیکـۆ لـۆژی و ئیکـۆ کریتیسـیزم) بـۆ زمـانی ئینگلـیزی دەگـەڕێتـەوە، بۆیـە (ڕەخنـەیی ژینگـەیی) لـە زمـانی کوردیـدا نـزیکترین وەرگـێڕانی زانسـتییە بـۆ (Ecocriticism). ئەم زاراوەیە نەک تەنهـا وەرگێڕانـێکی وشـەییە، بەڵکـو مانای چەمکی و فەلسەفیی و زاراوەی سەرەکیی ئینگلیزییەکەی پاراستووە.

ب- ڕووی و تێگەیشـتنی ئاسـان بـۆ خـوێنەر: (ژیـنگە) وشـەیەکی ئاشـنایە و خـوێنەری کـورد بەبێ ئـاڵۆزی لـێی تێـدەگات، بە تـایبەتی لە چوارچێـوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی.

ت- گونجـاوی بـۆ ئەدەبی کـوردی لە کاتێکـدا تـوێژینەوەی کـوردی لەم بـوارەدا هێشـتا لە سـەرەتای ڕێگـادایە، هەبـوونی زاراوەیەکی یەکگرتـوو و فەرمی وەک (ڕەخـنەی ژیـنگەیی) لـە نێـوان شـێوەزارەکانی زمـانی کوردیـدا، یارمەتیـدەرە بـۆ دروستکردنی زاراوەیەکی ڕەخنەیی هاوبەش.

١-١-٢ پێناسەی ڕەخنەی ژینگەیی:

پەیوەنـدی نێـوان ئەدەب و ژیـنگە پەیوەنـدییەکی کـۆنە، لە هەمـوو جۆرەکـانی ئەدەبـدا ئامـادەیە، بەو پێـیەی ڕۆماننوسـان لە ژێـر کـاریگەری ژینگەکەیانـدان و لاسـایی دەکەنەوە. بەڵام هەمـوو ئەو ئەدەبیاتـانەی کە بـاس لە سروشـت دەکەن، بە ئەدەبیـاتی ژیـنگەیی نازانرێـت. تـوێژەران داوا دەکەن دەقە ژینگەییەکـان هۆشـیاری لەخـۆ بگـرن سـەبارەت بەو زیانـانەی کە کاریگەرییـان لەسـەر سروشـت هەیە و بەشـداربن لە بڵاوکـردنەوەی هۆشـیاری ژیـنگەیی لەسـەر ئاسـتی جیهـانی. هەروەهـا داوا دەکەن نووسـەر هەسـتیار بێـت بەرامـبەر بە ژیـنگە و خەمی ژیـنگەیی هەڵبگرێـت و هەسـتی تێکەڵبـوون لەگەڵ سروشـت و پاراسـتن لە سروشـت دەربڕێـت، لە هەمـان کاتـدا لە

کـــۆمەڵایەتییەوە بگۆڕێـــت بـــۆ سروشـــتی. جـــگە لەوەش دەبێـــت دەق بە دەربـــڕین و خەیـــاڵێکی جـــوان تایبەتمەنـــد بێـــت، کە ســـەلیقەی سروشـــتی پەروەردە دەکـــات و بەهـــا جوانیناســـییەکان و ئەخلاقییەکـــان لە کـــارلێکی مرۆڤەکـــان لەگەڵ ژیـــنگەدا دەچێنێـــت (فرید، ٢٠٢٣ : ٤٦٧ - ٤٦٨).

دەتـــوانین بڵـــێن ڕەخـــنەی ژیـــنگەیی (ئەو زانســـتە دامەزراوە کە لە پەیوەنـــدییە هاوبەشـــەکانی نێـــوان زینـــدەوەری زینـــدوو و ژیـــنگەکەی دەکـــۆڵێتەوە) (إســـماعيل، ٢٠٢٥: ١٠٨٨)، هەروەهـــا ڕەخـــنەی ژیـــنگەیی بەوە دەنـــاسرێتەوە لە دیـــدگای ژیـــنگەیی و ســـەرهەڵدانی ژیـــنگەیی لەنـــاو ئەدەبـــدا دەکـــۆڵێتەوە (إســـماعيل، ٢٠٢٥: ل ١٠٨٨)، لـــە پێناسەســـەکی تـــردا هـــاتووە: (ڕەخـــنەی ژیـــنگەیی (ئیکۆلـــۆژی) یەکـــێکە لە ڕێبـــازە ڕەخنەییەکـــانی مـــۆدێرن، کە پەیوەنـــدی بە لێکـــۆڵینەوە لە پەیوەنـــدی نێـــوان ئەدەب و ژیـــنگەی سروشـــتییەوە هەیە، بەتـــایبەتی لە ژێـــر ڕۆشـــنایی زیـــادبوونی ئاســـتەنگە ژینگەییەکان) (الفراك، ٢٠٢٠: ٣).

مامۆســـتایی ئەدەبی ئینگلـــیزی لە زانکـــۆی ڤرجینیـــا (مایکـــل بـــرانش) دەڵێـــت: (ڕەوتـــێکی زۆر نـــوێ کە لەژێـــر کـــاریگەری فراوانبـــوونی تـــوێژینەوەی ژیـــنگەیی بـــۆ بوارەکـــانی فەلســـەفە و زانســـتە مرۆییەکـــان ســـەریهەڵدا، دوای ئەوەی بـــۆ مـــاوەیەک لە زانســـتە سروشتییەکاندا قەتیس بوو) (براتش، ٢٠٠٧: ٢٧).

هـــەر دەربـــارەی ڕەخنـــەیی ژینگـــەیی نوســـەر و ڕەخنـــەگر (شـــێرل گلـــۆتفێلتی) دەڵێـــت: ((ڕەخنـــەیی ژینگـــەیی لێکۆڵینـــەوەیەکـــە لەســـەر پـــەیوەنـــدی نێـــوان ئـــەدەب ژینگـــەیی فـــیزیکی)). (قـــەرەداغی ، ٢٠٢٠: ٣٥). ئـــەم پێناســـەیـــە زیـــاتر کاریگـــەری بەرهـــەمی ئـــەدەبی لەســـەر ژینگـــە و پێچەوانەکـــەشی دیـــار دەکـــات. هـــەروەها (مایکـــل بـــرانش) دەڵێـــت: ((لەوکاتـــەی کـــە ڕەخنـــەی ئیکۆلـــۆژی هـــەوڵی ناســـاندنی خـــۆی دەدات، لـــە هەمانکاتـــدا فرەجـــۆری لـــە خوێندنـــەوەی ژینگـــە گـــەڕایی هێناوەتـــە ئـــاراوە)). (موحەمـــەد، ٢٠١٨: ٤٣٢). کەواتـــە ژینگە پانتاییەکی فراوانە ناکرێ لە چارچێوەی یەك پێناسە سنوردار بکرێ.

ئەدەبیـــاتی ژیـــنگەیی (ئەدەبیـــاتێکی تـــایبەتە کە دەبێـــت هەنـــدێک لەو تایبەتمەنـــدی هەبێـــت کە لە دەقەکـــانی تـــردا دەبیـــنرێن، لەوانە: نووســـەر لەنـــاو دەقەکەدا لەگەڵ ئەم سروشـــتەدا خەریـــکی دیـــالۆگ بێـــت و کـــارلێکی لەگەڵـــدا بکـــات و هەســـتی پێبکـــات و لە نـــاو خۆیـــدا خەمـــێکی ئیکۆلـــۆژی هەڵـــدەگرێت کە وای لێـــدەکات بەشـــداری بکـــات لە بڵاوکـــردنەوەی هۆشـــیاری ژیـــنگەیی) (العنتـــبلي، ٢٠٢٢: ٤٣٤٧)، هەروەهـــا لـــە گۆشـــە نیگایـــەکی تـــردا، (ڕەخنـــەی ژینگـــەیی) پێناســـە دەکرێـــت کە (ئەو ڕەخـــنەیە، پەیوەنـــدی بە لێکـــۆڵینەوە لە دەق و گوتـــارە ئەدەبییەکانـــەوە هەیە، لە ژێـــر ڕۆشـــنایی تیـــۆرێکی ژیـــنگەیی ئیکۆلۆژیـــدا، بەدوای شـــوێنی ژیـــنگە، سروشـــت، زەوی، ژیـــان لە نـــاو دەقی ئەدەبی و هونەریـــدا دەگەڕێـــت، لە ڕێـــگەی تیـــۆریزەکردن، شـــیکردنەوە، خوێنـــدنەوە، پشـــکنین و لێکـــۆڵینەوە، بە ئامـــانجی چـــاودێریکردنی دیـــدگای ڕۆمانتوســـان و ڕۆشـــنبیران بەرەو ڕووی ژیـــنگە. بە تـــایبەت دوای ســـەرهەڵدانی ئـــەو کـــۆمەڵە و ڕێکخراوانـــەی کە داوای نـــیگەرانی لە ژیـــنگە دەکەن، دوای تونـــدبوونەوەی دیـــاردەی پیســـبوون لەســـەر ئاســـتی جیهـــانی لەسەر وشکانی و کەش و هەوا). (حمداوي، ٢٠١٩: ٣٥٢).

ڕەخـــنەی ژیـــنگەیی لێکۆلینـــەوە لـــە پەیوەنـــدی نێـــوان مـــرۆڤ و سروشـــت دەکـــات. هەنـــدێک لە ڕەخنەگـــران پێیـــان وایە (ڕەخنـــەیی ژینگـــەیی ڕاســـتەوخۆ بەشـــدارە لە

مشـــتومرِەکانی ئێســـتای کـــۆمەڵایەتی، ســـیاسی و ئـــابووری ســـەبارەت بە پرســـە ژینگەییەکان). (نشار، ٢٠١٨: ٢٢٣). لـە نـاو ئـەدەبیاتی کوردیـدا بـەم شـێوەیە (رەخنـەی ژینگـەیی) پێناسـەی کـراوە: ((ئـەڤ رەخنەیـە ڤـەکۆلینا جهـ و ژینگـەهـ و عـەردی دکـەت دناڤ تێکست و گوتارێن ئەدەبی و رۆشەنبیریدا)). (نهێلی، ٢٠٢١: ١٤)

دەتـوانین بلێـین کە رەخنەگـران لەسـەر یەک پێناسـە و ڕوونی ڕەخـنەی ژیـنگەیی کـۆک نەبـوون، چـونکە چەمکەکانیـان بـۆ سروشـت و سـنوور و ئەرکە ڕەخنەییەکـانی جیـاوازن. لە کاتێکـدا هەنـدێک وەک ڕەوتـێکی هـاوچەرخ دەیبیـنن کە ئەدەب لە ڕەهەنـدە مـرۆیی و ئەخلاقییەکانیـدا بە ژیـنگەوە دەبەسـتێتەوە، هەنـدێکی دیـکەش بە بـوارێکی مـۆدێرن لە مەعـریفەدا دەزانـن کە دەقی ئەدەبی لە ژێـر ڕۆشـنایی چەمـکە ژینگەییەکـانی نوێدا لێکدەداتەوە.

١-١-٣ گرنگی رەخنەیی ژینگەیی:

ڕەخـنەی ئەدەبی ژیـنگەیی گـرنگە، چـونکە ئەو لایەنە کولتـووری و ئەدەبییـانە شرۆڤەدەکـات کە کاریگەرییـان لەسـەر دیـدگای نووسـەر هەیە، هەروەهـا خەمی ئاشـکراکردنی ئەو ئەرکە ژینگەیـیەیە کە لە پشـت جوانکـارییەوە شـاراوەتەوە. هەروەهـا پەیوەنـدی بە لێکـۆڵینەوە لە هۆکـاری بـووونی ژیـنگە لە دەقی ئەدەبیـدا هەیە، وێکهاتەکـانی سروشـت کە لە وێـنەی بەلاغی وەسـفکراون وهەر شـتێك کە بە بەهـا ئیکۆلۆژییەکـانی نـاو بەرهەمەکە گرێـدراون. هەروەهـا بەدواداچـوون بـۆ دیـدگاکانی ژیـنگە لەنـاو دەقـدا دەکـات، دیسـان (پەیوەنـدی دەقەکـانی لەگەڵ دەقەکـانی دیـکەدا بـۆ خزمەتکـردنی ڕوانـگەی ژیـنگەیی، دروسـت دەکـات، لێکـۆڵینەوە لـە چـاودێریکردنی دیـدگای مـرۆڤە داهێنەرەکـان بەرامـبەر بە ژیـنگە و ئەو بەهـا ئەخلاقیـانە دەکـات، کە ئەدەب بەرەو سیسـتەمی سروشـتی دەبـەن. گـرنگە ئامـاژە بەوە بکەیـن کە ئەو شـیکارییە ڕووکەشـانەی کە ڕەخنەگـری ئەدەبی ژیـنگەیی تێیـدا هەوڵی ژمـاردن یـان ژمـاردنی وەسـفەکانی سروشـت دەدات لە دەقە ئەدەبییەکانـدا، سـوودێکی زۆری نیـیە، مەگەر بتوانێـت لەوە تێپەڕێـت بـۆ شـیکردنەوەی دیـدگای داهێـنەرانەی پشـت ئەم وەسـفانە، و کـار بـۆ ئاراسـتەکردنی بکـات بە مەبەسـتی دروسـتکردنی هۆشـیاری ژیـنگەیی). (محمـد، ٢٠٢٢: ٤٦٢).

بەم شـێوەیە بۆمـان ڕوون دەبێـتەوە کە هەمـوو ڕەخـنەیەکی ئەدەبی ژیـنگەیی دەبێـت بـاس لە ویـژدانی ژیـنگەیی بکـات، لە ڕەخنەکانیـدا گـرنگی بە بەهـا ئەرێنییەکـان بـدات بەرامـبەر بە ژیـنگە، لە سـەلیقەی جوانینـاسی لە دەربـڕینی لایەن و توخمەکـانی سروشـتدا بکـۆڵێتەوە و لە شـیکارییەکانیدا پێشـبینی دیـدگای ژیـنگەیی توخمەکـانی سروشـت بکـات. هەمـوو شـتێک کە نـوێنەرایەتی ژیـنگە و سروشـت دەکـات لە ئەدەب و جوانکاریدا، لە چوارچێوەی گرنگیدانی خۆیدا هەژمار دەکرێت.

١-١-٤ پێشەنگەکانی رەخنەیی ژینگەیی:

ژمـارەیـەك نوسـەر و رەخنـەگر وەکـو پێشـەنگ و رابـەری ئـەم جـۆرە رەخنـەیـە دێنە ناسین، چ لە ئەمریکا یان لە بریتانیا. دیارترینیان:

١- (راشـیل کارسـون) لـە کتێـبی (بەهـاری بێـدەنگ) خـاڵی وەرچەرخـانی لە دارِشـتنی هۆشـیارییەکی جیهانیـدا دەستنیشـان کـرد، کە مرۆڤـایەتی بە سروشـتەوە دەبەسـتێتەوە و بەرپرسـیارێتییەکەی بەرامـبەر بە سروشـت. ئەمەش ڕێـگەی خۆشـکرد بـۆ ئەوەی دواتـر

خوێندنەوەی ئەدەبی سەرهەڵبدات کە لە ڕوانگەی ژینگەییەوە سەیری دەقەکان دەکات. (ابراهيم، ٢٠٢٤: ٣٦).

٢- (ولیام روکیرت- Rueckert William) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە بە ڕوونی دەستەواژەی "ڕەخنەی ئیکۆ"ی لە ساڵی ١٩٧٨ داهێنا، کاتێک داوای خوێندنەوەی ئەدەبی کرد لە ژێر ڕۆشنایی پەیوەندییەکەی بە ژینگە و ئیکۆلۆژیاوە، بەمەش دەرگای ناساندنی چەمکە ژینگەییەکان بۆ ناو بواری ڕەخنەی ئەکادیمی کردەوە.(ابراهيم، ٢٠٢٤: ٣٦).

٣- (چێریل گلۆتفێلتی)وەک کەسایەتییەکی پێشەنگ لە بەدامەزراوەییکردنی ڕەخنەی ژینگەیی سەریهەڵدا. (ابراهيم، ٢٠٢٤: ٣٦).

٤- وهەوڵەکانی (لۆرێنس بۆیل) لە دامەزراندنی ستاندارد و بنەما تیۆرییەکان بۆ دیدگای ڕەخنەیی ژینگەیی.هەروەها، (گریگ گیرارد -Garrard Greg)، و (سکوت سلوفیك-Slovic Scott)بەشداریان کرد لە پێشخستنی توێژینەوە ئەدەبییە ژینگەییەکان و قوواڵکردنەوەی بەکارهێنانی ڕێکارەکانیان. (الزهراني، ٢٠٢٢) .

٥- (جۆناسان بیت - Jonathan Bate) : کتێبێکی سەرەکی بە ناوی "ئیکۆلۆژیای ڕۆمانسی" لە ساڵی ١٩٩١دا باڵاوکردەوە، کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان شاعیران و سروشت دەکات.

٦- (کارل کرویبر - Karl Kroeber): بەشداری کردووە لە پێشخستنی توێژینەوە ئیکۆلۆژییەکان لە ئەدەبدا، بەتایبەتی لە ساڵانی نەوەدەکاندا.

٧- کیت سوبر - Kate Soper) : نووسینەکانی کە لە ساڵی ١٩٩٨دا باسی چەمکەکانی سروشت و کولتووریان دەکرد.(زين الدين، ٢٠٢٢).

٧- ژمارەیەك نوسەر و ڕەخنەگری تری وەکو (روبرت ماکفارلین، گلین ئالوف، هارولد فرۆم، لویز ویستلنگ، دافید کارتر و گریگۆری گراد) هەروەها کۆمەڵەیەکی تایبەت پسپۆری ژینگە هەبوو بەناوی (ASLE). (نهێلی، ٢٠٢١، ١٠). ئەمانە و چەندین نوسەر و ڕەخنەگری تر بە پێشەنگی ڕەخنەی ژینگەیی دێنە هژماردن.

١-٢ سەرهەڵدان وبنەما و میکانیزمەکانی شیکردنەوەی دەق بەگوێرەی بنەماکانی ڕەخنەیی ژینگەیی:

١-٢-١ سەرهەڵدانی ڕەخنەیی ژینگەیی لەناو ئەدەبی ڕۆژئاوایی و عەرەبیدا:

سەرهەڵدان و دەرکەوتنی میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی لە ناو گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، ڕووداوێکی هەڕەشەیی یان ڕێکەوتی نەبوو، بەڵکو ئەنجامی گەشەیەکی درێژخایەن و قووڵە کە ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندی و کارلێکەیەیە کە مرۆڤ لە سەرەتای بوونی خۆیەوە لەگەڵ ژینگە و سروشتی دەوروبەری خۆی هەبووە. مرۆڤ هەمیشە لە ژێر کاریگەری سروشتدا ژیاوە و لە هەمان کاتیشدا بە کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی خۆی کاریگەری لەسەر ژینگە هەبووە، ئەمەش بووە هۆکاری دروستبوونی ئاگاداریەکی نوێ سەبارەت بە گرنگی ئەو پەیوەندییە دوولایەنە. لە ڕێگەی ئەم ئاگاداریەوە، بیرۆکەی پاراستنی ژینگە و تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی مرۆڤ لەسەر سروشت، بە شێوەیەکی ڕوونتر چوونە ناو بواره فکری و ئەدەبییەکانەوە.

ئەوکـات دەنـگی (ڕەخنەگرەکـان سـەریان هەڵـداوە کە گوتـارێکی ژینگەییـان گرتـۆتەبەر بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی جیهـانگیری و تـاڵانکردنی سـەرچاوەکان و بەرگـری لەو نەریـت و خاکـانە دەکـات کە مەتـرسی لەناوچوونیـان لەسـەرە. لەسـەر ئاسـتی جیهـانی، هۆشـیاری ژینگەیی لە سـاڵانی حەفتاکـانی سـەدەی ڕابـردووەوە گەشـەی کـردووە، سـەرەتا بە کۆنفرانسی- ژینگەی مـرۆڤ لە سـاڵی ١٩٧٢ دەسـتی پێکـردووە، دواتـر میسـاقی جیهـانی بـۆ سروشـت (١٩٨٢) و ڕاپـۆرتی بروندتلانـد (١٩٨٧) کە دیـدگایەکی بـۆ گەشـەپێدانی بەردەوام خستەڕوو) (غراندون، ٢٠٢٥).

ڕەخـنەی ژینگەیی (لە کۆتـایی نیـوەی دووەمی سـەدەی بیسـتەمدا سـەریهەڵدا، بە تـایبەتی لە بەریتانیـا لە سـاڵی ١٩٧٨ ، کە تیشـکیان خسـتە سـەر مەترسـییە ئەگەرییەکـان و تەحەددیـات و قەیرانەکـانی سـەرهەڵدانی کێشـە ژینگەییەکـان. لە ئەنجامـدا، میتۆدۆلۆژیـایەکە کە لە سەرانسـەری بـواڕە زانسـتی و فیکـرییە جیاوازەکانـدا پـێش ئەوەی بچێـتە نـاوکـایەی ئەدەب و لێکـۆڵینەوەی ئەدەبیـدا بەکـارهێناوە. لە ئەنجامـدا، لێکـۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکـان لەم دواییـانەدا شـاهیدی هەڵکشـانی چـالاکییە فیکـری و توێژینەوەکـان بـوون لە چوارچێـوەی ئەم بـواڕە سـەرهەڵداوەی گوتـاری ڕەخنەیی) (علي، ٢٠٢٤: ٩٠٥).

تـازەیی ئەم (ڕەوتە دەتوانرێـت بەو ڕاسـتییە بپێـوین کە یەکەمـین کۆنفرانسـی پەیوەنـدی نێـوان ژیـنگە بە مانـا هـاوچەرخەکەی وشـەکە و ئەدەب لە سـاڵی ١٩٩٧ بەڕێوەچـوو، کە کـۆمەڵەی ئەمـریکی بـۆ لێکـۆڵینەوە لە ژیـنگە و ئەدەب لێـیەوە سەریهەڵدا) (براتش، ٢٠٠٧: ٢٧).

ژمـارەیەک لە زانـا و تـوێژەرانی کولتـوری ئەمـریکی تیشـکیان خسـتۆتە سـەر لێکۆڵینەوەکـانی ژیـنگە، لەوانە (لـۆرێنس بۆیـل و کتێـبەکەی "خەیـاڵی ئیکۆلـۆژی"، هەروەهـا مایکـل زیـمەرمەن و کتێـبەکەی "فەلسـەفەی ژیـنگەیی". توێژینەوەکـانی ژیـنگە کە زۆرجـار بە تـوێژینەوەی "سـەوز" نـاودەبرێن، لە کولتـوری ئەڵمانیاشـدا بـاو بـوون، جوسـت هێرمانـد کتێـبەکەی "یۆتۆپیـای سـەوز لە ئەڵمانیـا" بڵاوکـردەوە. هەروەهـا دەسـتەواژەی "لێکـۆڵینەوە کولتـووریی سـەوزەکان" و "ڕەخـنەی سـەوز" بە شـێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنران) (عوف، ٢٠٢٣: ٤٧١).

هـەوڵی نوسـەرانی عـەرەبی لە بـواری ڕەخـنەی ژیـنگەیی بە هـۆی ئـاڵۆزی ئەم ڕێبـازە و فـرەیی سـەرچاوەکانی سـنووردارە، کە لە ئەنجامـدا تەنیـا چەنـد هەوڵێـک لە لێکـۆڵینەوە ڕەخنەییەکانـدا هەیە، نوسـەر و ڕەخنـەگری عـەرەب (مـوحەممەد ئەبـو ئەلـفەزل بەدران) بە یەکەم کەس دادەنرێـت کە ڕێگـای ڕەخـنەی ژیـنگەیی عەرەبی خۆشـکردووە لە ڕێـگەی کتێـبی "ڕەخـنەی ئەدەبی ژیـنگەیی": تیـۆری و پـراکتیکی - النقـد الادبي "نظريـة وتطبیـق)، و لێکۆڵینەوەکـانی کە لە چـوارەمین کۆنفرانسـی- نێـودەوڵەتی زمانی عەرەبیدا پێشکەشکرا لە سـاڵی ٢٠١٥ (عوف، ٢٠٢٣: ٤٧١)

مامۆسـتای زانکـۆی ئەسـکەندەرییەو ڕەخنـەگری عەرەبی (سـابر محمـد الجـویلی) بەشـداری کـردووە بە لێکۆڵینەوەکـانی لەسـەر (**صـورة الضـب في المثـل العـربي القـديم مقاربـة في مـرآت النقـد البيـئي**)، و (ئەسـما ئیبراهـیم حوسـێن) لەگەڵ لێکۆڵینەوەکـانی لەسـەر (.(النقـد الإيكولـوجي وتجلياتـه في روايـتي (حـرب الكلـب الثانيـة لإبـراهيم نصـر الله، إسـكندرية ٢٠٥٠ لصـبحي الفحمـاوي)، هەروەهـا (محمـد فـادل

المشلب) لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی (البيئة ظهورا شعريا، مقاربة نقدية في أشعار طالب عبد العزيز)، هاوکات (جەمیل حەمداوی و ئەحسان ئەعراب) کتێبی "النقد البيئي أو الإيكولوجي في الأدب والفن"یان لە ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاوکردەوە، کە بە ئاماژەیەکی گرنگ دادەنرێت لە دامەزراندنی ئەم بواره ڕەخنەییەدا (عوف، ٢٠٢٣: ٤٧١).

١-٢-٢ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ژینگەیی لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا:

تۆیژینەوە سەبارەت بەم میتۆدە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ئامادەییەکی کەمی هەیە. بەجۆرێک ئەو تۆیژینەوە و وتارانەی لەم بوارەدا نووسراون بەرفراوان نین. تا ئێستا سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە ئەدەبی کوردیدا دیاری نەکراوە، هەول دەدەین لەسەر بنەمای ڕێزبەندی میژووی بڵاوبونەوەی ئەو تۆیژینەوانەی لەم بوارەدا لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هاتوونەتە نوسین، سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە ئەدەبی کوردیدا دیاربکەین:

یەکەمین تۆیژینەوەی زانستی، کە لەبەر دەستمانبێت، تۆیژینەوەکەی (د.فوئاد ڕەشید) بەناونیشانی (شیعری وەسێتنامەی زەویی کەژاڵ ئەحمەد لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆلۆژید) لە ساڵی ٢٠١٨ دا، لە ژمارە (١٥)ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕیندا بڵاویکردۆتەوە. دواتر نوسەر و ڕەخنەگر (عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی) لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، لە پێشەکی دیوانی (لێرەولەوێ باران دووراودوور هەتاو)ی (دلاوەر قەرەداغی)دا، بابەتێکی بەناونیشانی (ئەزموونی دلاوەر و شیعری ئیکۆلۆژی) بڵاوکردۆتەوە، هەر لە ساڵی (٢٠٢٠) هاشم ئەحمەد زادە، لە سایتی (زەمەن پرێس) بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی (ڕەخنەی ژینگەیی میوانی هزری ئەدەبی) بلاو کردۆتەوە. هەروەها لە ساڵی (٢٠٢١) (د. نعمت الله حامد نهێلی) تۆیژینەوەیەکی لە ژێر ناوی (ڕەخنا ژینگەهێ - Ecacriticism) لە ژمارە (٨٣)ی گۆڤاری (پەیڤ) بلاوکردۆتەوە، پاشان لەساڵی (٢٠٢٢) دا، دوو نامەی ئەکادیمی لەم بوارەدا نووسراون. یەکەمیان نامەیەکی ماستەرە، لەلایەن (مەهدی ئەحمەد مەحمود) بەناونیشانی (ڕەخنەی ژینگەیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا)، دووەمیان نامەیەکی دکتۆرایە، لەلایەن (سۆران مامەند عەبدوڵلا) بەناونیشانی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەنموونەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر) بڵاوکراونەتەوە. (ابراهيم، ٢٠٢٤: ٣٧).

هەر لە (٢٠٢٢)، (سیروان جەبار، ژراوە ئەمین و مەهدی ئەحمەد) بە هاوبەشی لێکۆڵینەوەیەکیان لە ژێر ناونیشانی(شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بە پێی تیوری ڕەخنەی ژینگەیی) لە ژمارە سێی گۆڤاری تۆیژەر بلاوکردۆتەوە. هەروەها (هەینی کەمال ئەحمەد) لەساڵی (٢٠٢٣) بابەتێکی بەناوی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بەنموونەی چەند شعرێکی (دلاوەر قەرەداغی) لە سایتی (دەنگەکان) بلاوکردۆتەوە. دیسان لە ساڵی (٢٠٢٤) لە ژمارە (٣٢٤)ی گۆڤاری (ڕامان) (سەفین محمد) تۆیژینەوەیەکی بەناوی (ڕەخنەیا ژینگەهێ د بەرهەمێ "وەریانا خەمێن نەزایی)دا، بلاو کردۆتەوە، هەر لە هەمان ساڵدا (موحەمەد ئیبراهیم) تۆیژینەوەیەکی لە ژمارە (١) بەرگی (٢٨)ی گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان) لە ژێر ناوی (خوێندنەوەی

دەق شـــیعری (شـــار)ی ســـوارەی ئیلخـــانیزادە لە ڕوانـــگەی میتـــۆدی ڕەخـــنەی ئیکۆلۆژییەوە) بلاو کردۆتەوە.

بـەم شـێوەیـە ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە ناوەنـدەکانی زانکـۆ و گۆڤـارو ڕۆژنامـە و سـایتەکان، بابـەتی جۆراوجـۆر لەسـەر (ڕەخنـەیی ژینگـەیی) لـەناو ئـەدەبیاتی کوردیـدا زیـاد دەبـن و دەق ئەدەبی لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەیی ژینگەیی شرۆڤە دەکرێن.

٣-٢-١ میکانیزمـەکانی شـیکردنەوەی دەق ئـەدەبی بـەگوێرەی بنـەماکانی میتـۆدی ڕەخنەی ژینگەیی:

تـوێژەر و ڕەخنـەگرانی ئـەدەبی بـۆ هەلسـەنگاندنی دەقـێکی ئـەدەبی بـە گـوێرەی بنـەماکانی میتـۆدی ڕەخنـەیی ژینگـەیی چەنـدین شـێواز و میکانیزمیـان دیـارکردووە، ئـەو بنەمایانـە دەبنـە یارمەتیـدەر بـۆ هـەر قۆناغێک کـە شرۆڤـەکردنێک بـۆ هـەردقێکی ئـەدەبی بکـات کـە دیـاردەیی ژینگـەیی تێـدا ڕەنگبداتـەوە. لـێرەدا هـەول دەدەیـن هەنـدێک لەو بنەما و میکانیزمانە بخەینە ڕوو:

١. پێویسـتە دەقـێکی ئەدەبـیی گونجـاو هەڵبژێریـت کە سروشـت و ژیـنگە تێیـدا ڕەنگیان دابێتەوە.

٢. پێویســتە ئەو دەربـڕین و کـــۆدانە دەستنیشـــان و شـــیکردنەوە بکەیـــت کە پەیوەنـــدییان بە ژیـــنگەوە هەیە. هەروەهـــا چـــۆنیەتیی بەکارهێنانیـــان لەلایەن ڕۆماننوســـەوە دیـــاری بکەیـــت و هۆکـــار و مەبەســـتەکانی بەکارهێنانیـــان لەنـــاو دەقەکەدا دەستنیشان بکەیت.

٣. پێویســتە ڕەخنەگـــرگـــرنگی بە لایەنی نـــاوەڕۆکی بەرهەمەکـــان بـــدات و لەســـەر بـــابەت و مـــژارە پەیوەندیـــدارەکان بە "پرســـەکانی ژیـــنگە" بوەســـتێت. بەڵام لە بەرامـــبەر ئەمەشـــدا، نابێـــت ڕەخنەگـــر لایەنی هـــونەریی بەرهەمەکە پشـــتگوێ بخـــات؛ چـــونکە لایەنی هـــونەری هاوکـــارە بـــۆ دروســـتکردنی "کـــاریگەریی" بەرهەمەکە لەســـەر خـــوێنەران. هەروەهـــا بـــۆ پەیـــداکردنی کارلێـــک (تفاعـــل) لە نێـــوان بەرهەم و خـــوێنەر لە لایەک، و خـــوێنەر و نووســـەر و کـــۆمەڵگە بە گشـــتی لە لایەکی تـــرەوە. تـــاوەکو لەو کـــارلێکەوە، دیـــدگا و هـــزری نـــوێتر بـــۆ بەرهەمەکەوە بخـــوڵقێنرێن. ئەو هـــزر و دیـــدگا نوێیـــانەش دەبـــنە هۆشـــیاری و هەســـتکردنی خـــوێنەر بەرامـــبەر ژیـــنگە، و ســـەلمێنەری کـــاریگەریی دەقەکەن لەســـەر خـــوێنەر و هانـــدانی بـــۆ هەڵوێســـت وەرگـــرتن بەرامـــبەر ئەو پرســـانەی لەنـــاو بەرهەمەکەدا دەوروژێنرێن.

٤. پێویســتە ڕەخنەگـــر دیـــدگای نووســـەر لە لایەک و دیـــدگای کـــۆمەڵگە لە لایەکی تـــرەوە بەرامـــبەر بەو پرســـانەی ژیـــنگە دیـــاری بکـــات، ئەویـــش بە ئامـــاژەدان بە هەنـــدێک دەربـــڕین کە لەنـــاو دەقەکەدا هـــاتوون. دواتـــریش گفتوگـــۆیەکی ڕەخـــنەیی لەگەڵ ئەو هـــزرانەدا دروســـت بکـــات، تـــاوەکو ئەو نووســـینە ڕەخنەیـــیە ببێـــتە دەســـتپێکێک بـــۆ ئاراســـتەکردنی خـــوێنەران و ڕۆمـــاننوسی بەرهەمەکە بەرەو ئەو جیهـــانبینی و "داهـــاتووخوازییەی" کە لە بەرژەوەنـــدیی ژیـــنگەدایە. بێگومـــان پێویســـتە ڕەخنەگـــر لەم بـــوارەدا شـــارەزا و لێهـــاتوو بێـــت لە شـــێوازی دارشـــتن و

چـــۆنیەتیی وروژانـــدن و پێشکەشـــکردنی بۆچوونەکانیـــدا. پێویســـتە زمـــانێکی ڕەخـــنەیی وای بەکاربهێنێـــت کە کـــاردانەوەی نەرێـــنی (نیگەتیـــف) لەلایەن نووســـەر و خـــوێنەرانەوە دروســـت نەکـــات؛ بەڵکـــو بەپـــێچەوانەوە، دەبێـــت شـــێوازی دارشـــتن و بەکارهێنـــانی ئەو زمـــانە ڕەخنەیـــیە بـــۆ پەیـــام و شـــیکردنەوەکان بە جۆرێـــک بێـــت کە سەرنجڕاکێشـــیی تێـــدا بێـــت و دیـــالۆگ لەگەڵ ئەقڵیانـــدا دروســـت بکـــات، هەروەهـــا ســـۆز و لایەنی دەروونیشـــیان بـــۆ لای ئەو پرســـانە ڕابکێشـــێت و بیانوروژێنێت.

٥. گـــرنگە ڕەخنەگـــر خـــۆی لە پشـــتیوانان و دۆســـتانی ژیـــنگە بێـــت و بـــڕوای پـــێ هەبێـــت، تـــاوەکو بتوانێـــت خـــوێنەرانیش بە وتـــار و پەیـــامەکەی ڕازی بکـــات. واتە دەبێـــت خـــۆی لەو جـــۆرە "ژینگەناســـانە" بێـــت کە قـــووڵن و زانیاریـــیان لەســـەر لایەنی ژیـــنگە و پرســـە گرنگەکـــانی و ئەو مەترســـییانەی ڕووبەڕووی ژیـــنگە دەبنەوە، هەبێت (نهێلی، ٢٠٢١: ١٥ -١٦)

٢- شرۆڤـەکردنی بنـەماکانی میتـۆدی ڕەخنـەیی ژینگـەیی لـە ڕۆمـانی (٢١٣٩)ـی (دلـدار دالەڕێ)دا:

ڕەخـــنەی ژیـــنگەیی یەکـــێکە لە مـــۆدێرنترین و وەڵامـــدەرەوەترین ڕێبـــازە ڕەخنەییەکـــان بـــۆ گۆڕانکـــارییە جیهـــانییە هاوچەرخەکـــان. دەقە ئەدەبییەکـــان چیـــتر وەک پێکهـــاتەی زمـــانەوانی داخـــراو ســـەیر نـــاکرێن، بەڵکـــو وەک فەزای ڕەنگـــدانەوەی قەیـــرانی بـــوونی مـــرۆڤ لە پەیوەنـــدییەکەی لەگەڵ سروشـــتدا دەبیـــنرێن. لە ڕۆمـــانی "٢١٣٩"ی دلـــدار دالـــەڕێ، ڕووبەڕووی دەقێـــک دەبیـــنەوە کە پێشـــبینی داهـــاتوویەک دەکـــات کە لەســـەر وێرانەکـــانی هاوســـەنگی ئیکۆلـــۆژی بنیـــات نـــراوە، ئەمەش زەمینـــەیەکی بەپیتـــە بـــۆ شـــیکردنەوەی بناغەکـــانی ئەم میتـــۆدە، هەر وەکـــو لە ڕۆمـــانەکەدا هـــاتووە: **((لایەکەی تـــر چەپـــکە گـــوڵە گەنمـــێکم لێ دانـــاوە، بـــۆ ئەوەی نەهـــێڵم لەنـــاو ئەم جەنـــگە ســـەفەرەی ڕۆحی خۆمدا، جوانی بمرێت. ئاخر ئەگەر جوانی بمرێت من بۆچی بمێنم.**

لایەکەی تـــری پەنـــجەرەی، ئەو پەنـــجەرەی کە "تەنیـــا شـــتێک کە هەســـتی" تێـــدا بە زینـــدووی خـــۆم بـــکەم ئەوەیە کە بەیانییـــان جریـــوەی چەنـــد چـــۆڵەکەیەک تێیـــدا دێـــتە ژووڕەوە. دادەنـــیش ... لەنـــاو ئەم گـــێژاوەدا بـــیر دەکەمەوە. بـــیر لەچی بـــــکەمەوە، لە بـــــوونم ...، لە گەردوون ،... لە زەوی ...، لە زینـــــدەوەران ...، لە مرۆڤە بەردییەکانی ئێرە)) (دالەڕێ، ٢٠١٩: ٥)

ڕۆمـــاننوس لەنـــاو ژووڕێـــکی داخـــراو و شـــارێکی بێناونیشـــاندایە، بەڵام تەنیـــا شـــتێک کە "هەســـتی زینـــدوێتی" پێ دەبەخشـــێت، جریـــوەی چۆڵەکەکـــانە. ئەمە ئەوە دەســـەلمێنێت کە مـــرۆڤ بەبێ پەیوەنـــدی لەگەڵ زینـــدەوەرانی تـــر بـــۆ نموونـــە (چـــۆڵەکە)، تـــووشی نـــامۆبوون دەبێـــت. هـــەروەها هەڵگـــرتنی گـــوڵە گەنـــم لەنـــاو ســـندوقی شـــتە بەنرخەکانـــدا، نیشـــانەی ئەوەیە کە لای ڕۆمـــاننوس "سروشـــت" بەرزتـــرین بەهـــای هەیە. گەنـــم لـــێرەدا تەنیـــا هێمـــای خـــۆراک نیـــیە، بەڵکـــو ســـیمبولی "بەردەوامـــیی ژیـــان" و "جوانییە".

رۆمـانـنوس دەڵێـت: "بـۆ ئەوەی نەهـێڵم جـوانی بمرێـت". کـە مەبەسـت لـە جـوانی یەکسـانە بە سروشـت. پاراسـتنی ئەم جـوانییە جـۆرێکە لە خەبـات دژی ئەو جیهانە وشک و بێرۆحەی کە مرۆڤ دروستی کردووە.

کاتێـک دەڵێـت "**ئـاخر ئەگەر جـوانی بمرێـت مـن بـۆچی بمێـنمەوە**"، مەبەسـتی ئەوەیە ئەگەر ژیـنگە و جوانییەکـانی سروشـت لەنـاو بچـن، ژیـانی مـرۆڤیش هـیچ بەهـایەکی نامێنێـت، دیسـان بیرکـردنەوە لە (بـوون، گەردوون، زەوی، زینـدەوەران) پەیـامێکە بـۆ ئەوەی مـرۆڤ تەنیـا بیر لە خـۆی نەکاتەوە ، بەڵکـو خـۆی وەک بەشـێک لەم سیستەمە گەورەیە ببینێت.

"رۆمـانـنوس لە رێـگەی ئەم دەقەوە، هۆشـداری دەداتە خـوێنەر لە مەترسـیی 'بەردینبـوونی مـرۆڤ' و دابـڕانی لە سروشـت؛ چـونکە لەدەسـتدانی هاوسـۆزی بـۆ ژیـنگە و نوقمبـوون لەنـاو گـێژاوی مـاددەگەرایی، دەبێـتە هـۆی کوشـتنی جـوانی و ڕووخـانی ڕۆحی مرۆڤ، کە ئەمەش گەورەترین هەڕەشەی ژینگەیی و وجوودییە لەسەر ئایندەی زەوی.

لە بەشـێکی تـردا رۆمـانـنوس دەڵێـت: **((زەویـیەکی پـان و بەریـن دەبیـنم، لە دووڕەوە چەنـدگـردێکی سـەوزی بەدار داپـۆشراو. بەهەمـوو ژیـانم ئاسـمانم بەم ڕوونیـیەوە نەبینیـوە . ئەوە چـاوی مـنە کە دوور دەبینێـت، یـاخود ئـێرە خـۆی ڕوونە. سـەیری جەسـتەم دەکەم وەک خـۆیەتی، ئەوەی کە دەیبیـنم تەنیـا زەویـیەکی سەوزەو من لێی بێئاگام)) (دانەری، ٢٠١٩: ٦)**

رۆمـانـنوس لە رێـگەی بەکارهێنـانی سـیفەتەکانی "زەویـیەکی پـان و بەریـن"، "گـردی سـەوز" و "ئاسـمانی ڕوون"، ئامـاژە بە چەمـکی "**پـاککردنەوەی ژیـنگەیی** " دەکـات. پرسـیاری کـارەکتەرەکە سـەبارەت بەوەی کە ئایـا چـاوی ئەو دووربـین بـووە یـان ژیـنگەکە ڕوونە، ئامـاژەیەکی قـووڵە بـۆ ئەوەی کە تێکچـوونی ژیـنگە و پیسـبوونی هەوا لە جیهـانی مۆدێرنـدا، تەنیـا زیـانی جەسـتەیی نیـیە، بەڵکـو توانـای بینـین و تێگەیشـتنی مرۆڤیشی_ بەرەو لـێڵی بـردووە. لـێرەدا، سروشـت وەک سـەرچاوەی یەکەمی "ناسـین" و "ڕوونیی فیکری" نمایش دەکرێت.

رۆمـانـنوس دەیەوێـت بڵێـت سروشـت نەک هەر چارەسـەرە، بەڵکـو پێـوەرە بـۆ ئاسـاییبوونەوەی ژیـان، هەروەهـا دەیەوێـت خـوێنەر بگەیەنێـتە ئەو بـاوەڕەی کە مرۆڤـایەتی بـۆ مـاوەیەکی درێـژ لە بنەماکـانی ژیـان (خـاک و ئاسـمان) بێئاگـا بـووە، وکـاتی ئەوە هاتووە ئەم بێئاگاییە کۆتایی پێ بێت.

ئەم دەقە بـانگەوازێکی ئیکۆلـۆژییە بـۆ ئەوەی مـرۆڤ چاوەکـانی پـاک بکـاتەوە و جـارێکی تـر بە ئاگـاییەوە سـەیری ئەو زەویـیە بکـات کە لە باوەشـیدا دەژی، پـێش ئەوەی بێئاگایی بەرەو فەنابوونی ببات.

هـەر لـەم ڕۆمانـەدا هـاتووە: **((دەربـارەی مرۆڤەکـانیش، وەک هەمیشـە گوتـوومە کە بە هەمـوو شـێوەیەک خۆیـان لێ بەدوور بگـرن، ئەوان بـونەوەرێکن، ئـێمە فـێری شـکۆداریمان کـردن، ئـێمەی قەلەڕەش فێرمـان کـردن کە ڕێـز لە یەکـدی بنـێن و فێرمـان کـردن کە دادوەرانە ژیـان بـکەن. کەچی پاداشـتی ئەوان بـۆ ئـێمە نەفـرەت بـوو، ئەوان مـاڵی ئێمەیـان سـوتاند و بێڕەحمـانە کەوتـنە گیـانی ئـێمە و سروشـت. ئەوان وا دەزانـن کە ئـێمە بێ ئەقلـێکی فڕیـوین، کەچی پەی بەوە نـابەن کە ئـێمە ئەوانمـان فـێری ژیـانکردن کـردووە . وا دەزانـن کە ئـێمە لێیـان تێنـاگەین، ئەوە**

نـازانن كه ئـێمه لێيـان بێ ئومێـد بـووين بـۆيه نزيكيـان نـابين. غاكتاييەكـان ..... ئێـوه له ڕەچەلەكی شـكۆی سروشـت دان، له هەمـوو شـوێنێک ئێـوه خۆتـان بـن و فريـوی هـيچ شـتێک نەخـۆن. له هەر شـوێنێک بـن به بەرپرسـياريەتييەوە مـامەڵە لەگەڵ سروشـت بـكەن، ئاگـادار بـن هەرگـيز غەدر له هـيچ زينـدەوەرێک نەكەن)) (دانەری، ٢٠١٩: ٢٠).

ئەم بەشـــە يەكـــێكە لە بەشـــە هەرە دەوڵەمەنـــدەكانی ڕۆمـــانەكە لە ڕووی ڕەخـــنەی ژيـــنگەيی، چـــونكە بە تەواوی هاوســـەنگيی هـــێز لە نێـــوان "مـــرۆڤ" و "سروشـــت" پـــێچەوانە دەكـاتەوە و زمـان دەبەخشـێتە زينـدەوەرانی تـر بـۆ دادگـاييكردنی مـێژووی مرۆڤـايەتی. ڕۆمـاننوس لە ڕێـگەی زمـانی "قەلەڕەش"ەوە، ڕەخـنەيەكی تونـد لە چەمـكی بـە سـەنتـەر بـوونی مـرۆڤ" دەگرێـت. لـێرەدا سروشـت (قەلەڕەش) وەک "مامۆسـتا" و "سـەرچاوەی شـكۆ و دادوەری" نمـايش دەكرێـت، كە مـرۆڤی فـێری ژيـانكردن كـردووە. ئەمە گۆڕانكـارييەكی بنەڕەتيـيە لە ديـدگای ژينگەييـدا؛ چـونكە مـرۆڤ لە لـوتكەی مەعـريفە دادەگرێـت و دەيكـاتەوە بە قەرزاری ئەو سروشـتەی كە ئێسـتا وێرانی دەكات.

مـرۆڤ لە بـری پاراسـتنی ئەو ژيـنگەيەی فـێری ژيـانكردنی كـرد، كەوتە "سـوتاندنی مـاڵ" و بـێڕەحمی بەرامـبەر زينـدەوەران. ئەم "سـوتاندنە" ئامـاژەيە بـۆ تێكـدانی هاوســەنگيی بـايۆلۆژی و وێرانكـردنی نيشـتمانی ڕەســەنی زينـدەوەران لە پێنـاو بەرژەوەنـدييەكانی مرۆڤـدا. ڕۆمـاننوس لـێرەدا جەخـت دەكـاتەوە كە بێ ڕەحـمی بەرامـبەر سروشت، ڕەنگدانەوەی بێڕەحميی مرۆڤە بەرامبەر خودی خۆشی.

پەيـامی ڕۆمـاننوس بـانگەوازێكە بـۆ گەڕانەوە بـۆ "ڕەچەڵەكی شـكۆی سروشـت". ڕۆمـاننوس لە ڕێـگەی ئامۆژگاريـيەكـانی بـۆ "غاكتاييەكـان"، پەيـامێكی ڕەوشـتيی ژيـنگەيی دەنێرێـت: مـرۆڤی ڕاسـتەقينە ئەو بـونەوەرەيە كە بە (بەرپرسـياريێتييەوە) مـامەڵە لەگەڵ ژيـنگە دەكـات و "غەدر" لە هـيچ زينـدەوەرێک ناكـات. ڕۆمـاننوس دەيەوێـت خـوێنەر لەوە بپارێزێـت كە ببێـتە بەشـێک لەو مـرۆڤە "بێ وەفايـانەی" كە سروشـتيان بێ ئومێـد كردووە.

ئەم پارچـــە نوســـينە دەيســـەلمێنێت كە ڕۆمـــاننووس لە ڕێـــگەی ئەم دەقەوە دەيەوێـــت پەيوەنـــدييەكی نـــوێ لە نێـــوان مـــرۆڤ و بونـــەوەرەكانيتر دابڕێـــژێتەوە؛ پەيوەنـــدييەک كە لەســـەر بنەمـــای"دادوەريی ژيـــنگەيی" و ڕێزگـــرتن لە شـــكۆی هەمـــوو زينـــدەوەران بونيـــاد نـــراوە. پەيـــامەكە ڕوونە: پاراســـتنی سروشـــت تەنيـــا ئەركـــێكی تەكنـــيكی نيـــيە، بەڵكـــو گەڕانەوەيە بـــۆ ئەو شـــكۆ و ئەخـــلاقەی كە مـــرۆڤ لە ســـەرەتای بوونيـــدا لە سروشتەوە فێری ببوو.

لـــە بەشـــێكی تـــری ئـــەم ڕۆمانـــەدا هـــاتووە: **((لە ڕاســـتيدا لەو كارەســـاتەدا ئـــێمە شـكێنراين، تەنيـا ئـێمە نـا بەڵكـوو زۆربەی مـرۆڤە داماوەكـانی ئەوێـش مـردن. لەســەر زەوی لاشـــەی مـــرۆڤم دەبيـــنی كە پێســـتەكانی لە جەســـتەی جيـــا دەبـــوويەوە، باڵنـــدە بێهێزەكـــان وەک گەڵا كەوتبـــوونە ســـەر زەوی. ئەمە كارەســـاتێكی دەســـتی مرۆڤەكـــان بـــوو... ئێســـتا ئێـــوە زانيتـــان كە ســـەرۆک بـــۆچی هێنـــدە دژی مرۆڤەكـــان دەدوێـــت؟ زانيتان كە مرۆڤەكان چيان بەسەرمان هێناوە؟**

بەڵام هەمیشــە ئەوە بــزانن کە هەمــوو مرۆڤەکــان بەم شــێوەیە درێنــدە نــین، کە دەســتیان بچێــتە گیــانی سروشــت. مرۆڤەکــان وەک یەکــتری نــین، ئەوان بــیر دەکەنەوە، مەرجــیش نیــیە بیرکردنەوەیــان دژی ئــێمە بێــت بەڵام هەمــوو شــتێکیان لێ چاوەڕێ دەکرێت.

دەزانــم کە هەرگــیز ســەرۆک بــاسی مــرۆڤ چــاکی بــۆ ئێــوە نەکــردووە، ئێــوە ئەوە بــزانن کە مرۆڤ چاک لە هەموو شوێنێکدا هەیە)) (دانەری، ٢٠١٩: ٢٧).

لــێرەدا ڕۆمــانەوس گوزارشــت لە "کۆتــایی جیهــان" دەکــات بەهــۆی دەســتێوەردانی تونــدوتیژانەی مــرۆڤ، ڕۆمــانەوس وێــنەیەکی ســامناکمان نیشــان دەدات؛ جیــاکردنەوەی پێســت لە جەســتەی مــرۆڤ و کەوتــنی باڵنــدەکان "وەک گەڵا". لــێرەدا، تیشــک دەخــاتە ســەر "یەکێتــیی چــارەنووس" لە نێــوان مــرۆڤ و زینــدەوەران. کاتێــک کارەســاتێکی ژینگەیی ڕوودەدات (کە دەســتی مــرۆڤی لەپشــتە)، جیــاوازی لە نێــوان پێســتی مــرۆڤ و پەڕی باڵنــدەدا نامێنێــت؛ هەردووکیــان دەبــنە قوربــانیی هەمــان تونــدوتیژی. ئەم دیــمەنە گوزارشت"کۆمەڵکوژیی ژینگەیی" دەکات.

نــاوەرۆکی پایەمەکــە، ڕەخــنەیەکی ڕاســتەوخۆ لەو جــۆرە مرۆڤــانە دەگرێــت کە "دەســتیان دەچێــتە گیــانی سروشــت". لــێرەدا، "ســەرۆکی باڵنــدەکان" وەک دەنگــێکی ڕادیکــاڵی ژینگەیی دەردەکەوێــت کە چیــتر متمــانەی بە مرۆڤــایەتی نەمــاوە. ئەمە ئامــاژەیە بــۆ دروســتبوونی جۆرێــک لە "فۆبیــای ژینگەیی"؛ واتە سروشــت و زینــدەوەران ئیــتر مــرۆڤ وەک "ســەرچاوەی مەتــرسی" دەبیــنن نەک وەک "پاســەوانی زەوی". ڕۆمــانەوس لــێرەدا جەخــت لەســەر ئەوە دەکــاتەوە کە هەڵەیەک بەرامــبەر سروشــت، دەبێــتە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچەوانی هەموو مرۆڤایەتییەوە.

گــرنگیی ئەم دەقە لەوەدایە کە هەمــوو مرۆڤــایەتی وەک یەک وێنــا ناکــات. ڕۆمــانەوس دەرگــایەک بــۆ "مــرۆڤی چــاک" دەهێڵێــتەوە. لــێرەدا پەیــامەکە ئەوەیە کە "چارەســەری قەیــرانی ژینــگەیی هەر لە نــاو خــودی مرۆڤــدایە". ئەگەرچی مــرۆڤ دەتوانێــت درێــندە بێــت، بەڵام دەتوانێــت بــونەوەرێکی بــیرکەرەوە و پــارێزەریش بێــت. ئەمە بــانگەوازێکە بــۆ خــوێنەر تــا ببێــتە ئەو "مــرۆڤە چــاکە"ی کە هاوســەنگی بــۆ زەوی دەگەڕێنێتەوە.

ڕۆمــانەووس لەم دەقەدا دەوێــت خــوێنەر لە "کەمتەرخەمــیی ژیــنگەیی" بپارێزێــت. ئەو هۆشــداریمان دەداتێ کە کارەســاتە دەســتکردەکان تەنیــا باڵنــدەکان نــاکوژن، بەڵکــو پێســتی مرۆڤــایەتیش دادەمــاڵن. پەیــامی ســەرەکی ئەوەیە کە "بەرپرســیارێتیی ئەخــلاقی بەرامــبەر سروشــت، تــاکە ڕێــگەیە بــۆ ئەوەی مــرۆڤ لە پــلەی درێــندەییەوە بگوازرێتەوە بۆ پلەی شکۆ".

دیــاردەیــەکی تــری ژینگــەی لــە م ڕۆمانــەدا وێنــەکراوە، کاتێــک ڕۆمــانەوس لەســەر زاری کارەکتــەرێک دەڵێــت: **((بەڵام نــا... نــا ...، ئەم ژیــانە تەنیــا فرســەتێکەو تەواو، مــن نەمتــوانی لەنــاو ئەم فرســەتەدا خــۆم ببیــنمەوە . بەڵام ئێــوە وەک مــن نەکەن، ئێــوە وەک مــن نەبــن بە بەرد. ئێــوە نەبــن بە بەرد، تــا هــیچ هێزێــک نەتوانێــت بە ویســتی خــۆی داتــان تاشــێت. بــڕۆن دونیــا ببیــنن، بــڕۆن کیشــوەرەکان تەی بــکەن. بــڕۆن لە پێدەشــتە ســەوزەکان دەســتی یەکــتری بگــرن، بەهەر شــوێنێکدا ڕەتبــن ئەو شــوێنە بە ماڵی سروشتی خۆتان بزانن، دڵتان بکەن بە گوڵزار بۆ ماڵی پەپوڵەکان .**

ئێوە بڕۆن من جێ بهێڵن... گوێ بە هیچ کەسێک نەدەن، نەڕۆنە ژێر حوکمی هیچ حاکمێک، با سروشت حوکمتان لەسەر بکات، تەنیا سروشت هەق ئەوەی هەیە)) (دالّەری، ٢٠١٩: ٤٧).

رۆمانەنوس هۆشداریيەکی تونـد دەدات: "ئێوە وەک من نەبن بە بەرد". لێرەدا "بەرد" سیمبولی مرۆڤێکە کە هەستە ژینگەییەکانی مردووە، مرۆڤێک کە جێگیر و بێدەنگە و ڕێگەی داوە "هێزە دەرەکییەکان" (دەسەڵات، تەکنەلۆژیا، سیستەم) دایتاشن و شێوەی بدەنێ. لە ڕوانگەی ژینگەییەوە، بەردینبوون واتە دابڕانی تەواو لە جووڵە و ژیانی سروشت.

گرنگترین پەیامی ڕۆمانەنوس لەم پارچە نوسینەدا لە کۆتاییەکەیدایە: "با سروشت حوکمتان لەسەر بکات". لێرەدا ڕۆمانەنوس داوای گۆڕینی سیستەمی یاسایی مرۆڤایەتی دەکات بۆ یاسای سروشت. ئەمە ڕادیکاڵترین جۆری ڕەخنەی ژینگەییە؛ چونکە پێی وایە تەنیا "سروشت" مافی ئەوەی هەیە یاسا بۆ مرۆڤ دابنێت، چونکە سروشت دادپەروەرە و هاوسەنگی دەپارێزێت، بە پێچەوانەی "حاکمەکان" کە تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان دەوێت.

ڕۆمانەنووس دەیەوێت خوێنەر خۆی لەوە بپارێزێت کە بچێتە ژێر حوکمی ئەو سیستەمانەی کە دژی سروشت کار دەکەن، وەهەروەها نابێت خۆی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بەند بکات، بەڵکو دەبێت لەگەڵ سروشتدا لە جووڵەی بەردەوامدا بێت.

لە دەقێکی تر دا دالّەری باسی درندەیی مرۆڤ دەکات ودەڵێت: **((- مرۆڤەکان لە وێن ؟**

- بە لی ... ئە وی دروستکراوی دەستی مروقە نەفرەتییەکانە لەو جیهانە دا ئەو مرۆڤانە دەستکاری سروشت دەکەن. دە ستکاری مروڤ دەکەن دەستکاری ئاژەلان دەکەن ...

- با بچین لە نزیکەوە ببینین.

- گەە مژانە بیر مەکەوە ئێمە هەرگیز ناتوانین لە وێ نزیک ببینەوە چونکە ئەوێ بەشیک نییە لە سروشت ئەوان پارێزگاری تونـدی لی دەکەن تەنانەت میشولەیەکی بچوکیش ناتوانیت لە وێ نزیک ببێتەوە. کۆمەڵەکەی ئێمە ئێستا لەوێن)) (دالّەری، ٢٠١٩: ٨٩). نوسەر جیهان دەکات بە دوو بەشەوە: جیهانێکی "نەفرەتی" کە مرۆڤ دەستکاری کردووە، و جیهانێکی "سروشتی" کە مرۆڤە داماوەکان لێی بێ ئاگان. ڕۆمانەنوس ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤەکان تاقیگەیەکیان لە "قووڵایی ناخی زەوی" دروست کردووە. ئەمەش هێمایە بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانانەی بەرانبەر زەوی دەکرێن.

لە دیدی ڕەخنەی ژینگەییەوە، گەورەترین مەترسی بریتییە لەوەی مرۆڤ خۆی بە سەرووی سروشت بزانێت. دەقەکە دەڵێت: **"ئەو مرۆڤانە دەستکاری سروشت دەکەن، دەستکاری مرۆڤ دەکەن، دەستکاری ئاژەلان دەکەن."**، ئەمە ئاماژەیە بۆ دەستکاریکردنی جینات. لێرەدا ڕۆمانەنوس هۆشداری دەدات لەوەی کە کاتێک مرۆڤ "سروشت" وەک کەرەستەیەکی خاو دەبینێت بۆ گۆڕین، ئەوا دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەسەنایەتی ژیان.

دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شوێنە "بەشێک نییە لە سروشت". ئەمە گوزارشتە لەو نامۆبوونەی کە مرۆڤی هاوچەرخ تووشی بووە. مرۆڤ بە ناوی پێشکەوتنەوە دیوارێکی لە نێوان خۆی و سروشتدا دروست کردووە کە تەنانەت "مێشوولەیەکیش" ناتوانێت لێی نزیک بێتەوە، واتە ژینگەیەکی دەستکرد و بێڕۆح. ڕۆماننوس لە ڕێگەی ئەم دیالۆگەوە پەیامێکی ڕەخنەیی و هۆشدارکەرەوە دەگەیەنێتە خوێنەر کە دەکرێت لەم خاڵانەدا کورتی بکەینەوە:

- ڕۆماننوس دەخوازێت خوێنەر تێبگات کە "پێشکەوتن" ئەگەر بەبێ ڕەچاوکردنی یاساکانی سروشت بێت، دەبێتە هۆی دروستکردنی جیهانێکی وێران.
- دەستکاریکردنی سروشت و ئاژەڵان (وەک ئامێر) دواجار دەبێتە هۆی تێکچوونی خودی مرۆڤیش.
- ڕۆماننوس بە نیشاندانی مەترسییەکانی ئەو "جیهانە دەستکردە"، خوێنەر هان دەدات کە چاوی بکاتەوە و ڕێگری بکات لە تێکچوونی زیاتری ژینگە پێش ئەوەی بگەنە قۆناغێک کە هیچ گەڕانەوەیەکی تێدا نەبێت.

ڕۆماننوس بەردەوام دەبێت لەوەی ڕەخنە لە مرۆڤ بگرێت چونکە سروشتی هەڵبژاردووە بۆ دروستکردنی چەکی کۆکوژ و چەکی ئاراستە گۆڕی سروشت و چەکی تیشکی ..... ودەڵێت: **((پرسیم کە تەنیا ئەم شوێنە هەیە؟**

- نا ..... چەندین شوێنی نهێنی وەک ئێرە لەسەر زەوی هەیە و مرۆڤە داماوەکان لێی بێخەبەرن. وە چەند شوێنێکی تریش هەیە کە تێیدا ئەم نەفرەتییانە چەک دروست دەکەن .

- چ جۆرە چەکێک؟

- " چەکی کۆکوژ، چەکی ئاراستەگۆڕی سروشت، چەکی تیشکی، ..... چەندان چەکی تر کە ڕۆژانە بێبەزەییانە لەوێ ئەم زەویەدا لەسەر گیانداران تاقی دەکەنەوە.

ئێمەی قەڵەڕەش لێی بێئاگا نین، بەڵام هیچمان پێ ناکرێت جگە لە بە نەفرەتکردنیان.

- مەبەستیان چییە؟

- مەبەستی ئەوان دەستبەسەرداگرتنی زەویە، "دەیانەوێت خۆیان بااڵدەست بکەن بەسەر هەموو جیهان. لەبەر ئەوەیە کە هەر شوێنێکیان بوێت، کاوڵی دەکەن.

ئەوان دەیانەوێت زەوی و "ئاسمانەکان "لە خزمەتیان بێت، تەنانەت ژێر زەوی و ژێر زەریاکانیش)) (دااڵەری، ٢٠١٩: ٩٠).

ڕۆماننوس باس لە هێزێک دەکات کە دەیەوێت "زەوی، ئاسمان، ژێر زەوی و ژێر زەریاکان" بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لە ڕوانگەی ڕەخنەی ژینگەییەوە، ئەمە گوزارشتە لە تێڕوانینی (ئەنتڕۆپۆسێنتریزم (مرۆڤ گرنگترین بوونەوەرە لە گەردووندا – مرکزیة الانسان) کە تێیدا سروشت تەنیا وەک "کەرەستە" و "شوێنی جەنگ" دەبینرێت نەک وەک دایکێک یان سەرچاوەی ژیان.

ئاماژەدان بە "چەکی ئاراستەگۆڕی سروشت" خاڵێکی وەرچەرخانە لەم پارچە نوسینەدا. لێرەدا سروشت لە قوربانییەکەوە دەگۆڕدرێت بۆ "چەک". مرۆڤە

خراپـــەکان دەیانەوێـــت گەردەلـــوول، لافـــاو و گـــۆڕانی کەش وهەوا وەک ئـــامرازێکی ســـەربازی بەکـــاربهێنن. ئەمە ترســـناکترین جـــۆری تێکـــدانی هاوســـەنگییە کە ڕەخنەگـــرانی ژیـــنگە هۆشـــداری لێ دەدەن. هەڵـــبژاردنی "**قەلەڕەش**" وەک گـــێڕەرەوە یـــان چـــاودێر، پەیـــامێکی ســـیمبۆلی بەهـــێزی تێـــدایە. ڕۆمـــاننوس ئـــاژەڵی وەک "قوربـــانی بێـــدەنگ" نیشـــان ددات کە دەبیـــنن و تێـــدەگەن بەڵام توانـــای گـــۆڕینی واقیعەکەیـــان نیـــیە، ئەمە جەختکـــردنەوەیە لەســـەر ئەوەی کە مـــرۆڤ تەنیـــا زیـــان لە خـــۆی نـــادات، بەڵکـــو بـــۆ تاقیکردنەوەی چەکەکانی، مافی ژیان لە هەموو "گیانداران" زەوت دەکات.

ڕۆمـــاننوس دەیـــەوێ بڵێـــت گەڕان بەدوای بااڵدەســـتیدا وای لە مـــرۆڤ کـــردووە کە زەوی بکـــاتە تـــاقیگەیەکی گەورەی مەرگ. پەیـــامەکە ئەوەیە کە چـــاوچنۆکیی مـــرۆڤ ســـنووری نیـــیە و هەمـــوو ڕەهەنـــدەکانی گەردوون (ئاســـمان تـــا ژێـــر زەریـــا) دەخـــاتە مەترســـییەوە، کاتێـــک قەلەڕەشـــەکە دەڵێـــت "هیچمـــان پێ ناکرێـــت جـــگە لە بە نەفرەتکردنیـــان"، ڕۆمـــاننوس دەیەوێـــت خـــوێنەر ڕابکێشـــێت و پەیـــامەکە بـــۆ خـــوێنەر ئەوەیە: ئێـــوە مـــرۆڤن و دەتـــوانن شـــتێک بگـــۆڕن، مەبـــنە هـــاوبەشی ئەو بێـــدەنگییەی کە جیهان بەرەو کاولکاری دەبات.

بەکارهێنـــانی وشـــەی "شـــوێنی نهێـــنی" ئامـــاژەیە بـــۆ ئەوەی کە کارەســـاتە ژینگەیـــیە گەورەکـــان لە پشـــت پەردەی سیاســـەت و پیشەســـازیی چەکەوە ئەنجـــام دەدرێـــن، و خـــوێنەر پێویســـتە لەوە هۆشـــیار بێـــت کە "پێشـــکەوتنە ســـەربازییەکان" لەســـەر حیســـابی ژینگە و داهاتووی هەسارەکەیە.

لـــە کۆتاییـــدا دەتـــوانین بڵێـــین کـــە بنـــەماکانی میتـــۆدی ڕەخنـــەی ژینگـــەیی بـــە ڕوونی لـــەناو ڕۆمـــانی (٢١٣٩)دا دەبینرێـــت، ڕۆمـــاننوس ســـەرکەوتوو بـــووە لـــە هۆشـــیارکردنەوەی خوێنـــەران لـــە قەیـــرانە ژینگەییەکـــان وەک پیســـبوونی ژیـــنگە، لەنـــاوچوونی سروشـــت و بەکارهێنـــانی نادروســـتی ســـەرچاوە سروشـــتییەکان، لە نـــاو ئـــەم ڕۆمانـــەدا ڕەنـــگ دەدەنەوە. بێگومـــان دەقە ئەدەبییەکـــان دەتـــوانن هۆشـــیارییەکی ژیـــنگەیی دروســـت بـــکەن و خـــوێنەر هانبـــدەن بـــۆ بیرکـــردنەوە لە بەرپرســـیارێتی خـــۆی بەرامبەر ژینگە.

گـــرنگترین پـــەیامی ئـــەم ڕۆمانـــە ئەوەیـــە کـــە پاراســـتنی ژیـــنگە تەنهـــا ئەرکی دامەزراوەکـــان نیـــیە، بەڵکـــو بەرپرســـیارێتییەکی هـــاوبەشی تـــاک و کۆمەڵگایە، ڕۆمـــاننوس لـــەم ڕۆمانـــەدا ئـــەوە پشتڕاســـت دەکـــاتەوە کە ئەدەب تەنهـــا جیهـــانێکی خەیـــاڵی نیـــیە، بەڵکـــو شـــوێنێکە بـــۆ ڕەنگـــدانەوەی کێشـــە ڕاســـتەقینەکانی ژیـــان. لـــە کۆتاییـــدا دەڵێـــین ڕەخـــنەی ژیـــنگەیی وەک بـــوارێکی نـــوێ لە ڕەخـــنەی ئەدەبیـــدا گـــرنگییەکی زۆر هەیە، بە تـــایبەتی لەم ســەردەمەی قەیرانە ژینگەییە گەورەکاندا.

. ئەنجام

دوای تەواوکردنی توێژینەوەکەمان گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. ڕەخـــنەی ژیـــنگەیی میتـــۆدێکی گـــرنگە بـــۆ پێـــدانی دیـــدێکی فـــراوانتر بە خوێنـــدنەوەی دەقە ئەدەبییەکـــان. ئەم میتـــۆدە ســـەرنج دەخـــاتە ســـەر پەیوەنـــدی نێـــوان مـــرۆڤ و سروشـــت و دەریخـــات کە کردارەکـــانی مـــرۆڤ کـــاریگەری ڕاســـتەوخۆیان لەســـەر هاوسەنگی ژینگە هەیە.

٢. ئەم میتۆدە هانی تۆیژەر و خوێنەر دەدات کە دەقەکان تەنها لە ڕووی هونەرییەوە نەخوێنن، بەڵکو لە ڕووی ژینگەیی (ئیکۆلۆژی)یشەوە لێیان بڕوانن. چونکە ڕخنەی ژینگەیی یارمەتی دروستبوونی تێگەیشتنێکی قوواڵتر لە پەیوەندی نێوان ژیان و سروشت دەدات.

٣. لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان تۆیژینەوە دەربارەی میتۆدی ڕەخنەیی ژینگەیی پێشکەش نەکراوە، هیچ سەرچاوەیەکیش بۆ ئەو تۆیژنەوانەی کە دەربارەی ئەم بابەتە نوسراون، دیارینەکراوە، ئەم تۆیژینەوەی ئێمە دەبێتە یەکەمین تۆیژینەوە کە سەرچاوەکی بۆ دیاریکردنی مێژووی بلاوکردنەوەی ئەو تۆیژینەوانەی کە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا دەربارەی ئەم بابەتە ئەنجامدراون دیارکرد.

٤. بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی بە ڕووی لەناو ڕۆمانی (٢١٣٩)دا دەبینرێت، ڕۆمانەکە وەک پیسبوونی ژینگە، لەناوچوونی سروشت و بەکارهێنانی نادروستی سەرچاوە سروشتییەکان، لە ناو ئەم ڕۆمانەدا ڕەنگ دەدەنەوە. بێگومان دەقە ئەدەبییەکان دەتوانن هۆشیاریی ژینگەیی دروست بکەن و خوێنەر هانبدەن بۆ بیرکردنەوە لە بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر ژینگە.

٥. گرنگترین پەیامی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە پاراستنی ژینگە تەنها ئەرکی دامەزراوەکان نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی تاک و کۆمەڵگایە، ڕۆمانەکە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەدەب تەنها جیهانێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو شوێنێکە بۆ ڕەنگدانەوەی کێشە ڕاستەقینەکانی ژیان.

لیستی سەرچاوە

یەکەم: پەرتووک

أ. زمانی کوردی

١. دالەری، دڵدار ئەحمەد (٢٠١٩)، ٢١٣٩، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

ب. زمانی عەرەبی

١. حمداوي،جميل، (٢٠١٩), نظريات النقد الأدبي في مرحلة مابعد الحدائة، ، تقديم: د.أحمد الكبداني، شبكة الوكة. ب.ط.

٢. الفراك، د.احمد، (٢٠٢٠)، التربية البيئية وسؤالا التنمية والأخلاق " نحو وعي بيئي جديد، إصدارات مركز فاطمة الفهرية للأبحاث والدراسات (مفاد)- مطبعة دار القلم، ط١، الرباط.

٣. نشار، مصطفى حسن، (٢٠١٨), الفلسفة التطبيقية وتطوير الدرس الفلسفي العربي، روابط للنشر والتوزيع، ط١، مصر.

دووەم: گۆڤار

أ. زمانی کوردی

١. ئەمین، سبروان جەبار و ژاراوە، مهدی احمد ئامادەیی، (٢٠٢٢)، شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بە پێی تیوری رەخنەی ژینگەیی، گۆڤاری توێژەر، بورگی٥، ژمارە٣.
٢. إبراهيم، محمد إبراهيم (٢٠٢٤)، خوێندنەوەی دەقی شیعری (شار)ی سوارەی ئیلخانیزادە لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگ٢٨، ژمارە١.
٣. قەرەداغی، دلاوەر، (٢٠٢٠)، لێرە و لەوێ باران، دووراودوور هەتاو، چاپی یەکەم ، تاران.
٤. موحەمەد، فوئاد رشید (پ.ی.د)، (٢٠١٨)، شیعری وەسیێتنامەی زەوی، کەژال موحەمەد، لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١٥.
٥. نهیلی، نعمەت الله (٢٠٢١) ، Ecacriticism - ڕەخنا ژینگەهێ، گۆڤاری هەیڤ، ژمارە،٨٣.

ب. زمانی عەرەبی

١. آدمي، د.خميسي (٢٠٢١)، من أجل لغة خضراء -محاولة في فهم أدب البيئة ونقده، مجلة أبوليوس، المجلد٨، العدد ٢.
٢. إسماعيل، إسماعيل أحمد السيد، (٢٠٢٥)،شعر عبده إسماعيل الطهطاوي في ضوء النقد البيئي، المؤتمر العلمي الدولي الأول لكلية اللغة العربية بجرجا،
٣. براتش، مايكل، (٢٠٠٧)، النقد الايكولوجي، ترجمة: معين رومية، مجلة نوافذ، العدد ٣٦، السعودية.
٤. طابور، نضال جبري, و النعاس، وليد شاكر (٢٠٢٣)، تفكيك مصطلح النقد البيئي، مجلة اوروك للعلوم الإنسانية المجلد ١٦، العدد٢.
٥. علي، سعيد فرغلي حامد، (٢٠٢٤)، النقد البيئي وتمثلاته في رواية فئران بلا جحور لاحمد إبراهيم الفقيه، مجلة حولية كلية اللغة العربية للبنين بجرجا، المجلد٢٨، العدد الأول.
٦. العنتبلي، محمد عبد الناصر محمد ، (٢٠٢٢) شعر معروف الرصافي في ضوء النقد الإيكولوجي، حولية اللغة العربية بجرجا، جامعة الأزهر ،مج (٢٦)، العدد (٥).
٧. عوف، فريد (٢٠٢٣)، النقد البيئي؛ الرؤية والتطبيق، مجلة دراسات، المجلد ١٢، العدد١.
٨. عوف، فريد (٢٠٢٥)، رواية زينب لمحمد حسين هيكل: دراسة من منظور النقد الأدبي البيئي، مجلة ألف: اللغة، الإعلام والمجتمع، المجلد ١٢، العدد١.
٩. محمد، هاني علي سعيد، (٢٠٢٢)، "النقد الأدبي البيئي؛ قراءة في مدونةالدراسات العربية البيئية، وممارسة تطبيقية على قصة "رأيت النخل" لرضوى عاشور"، مجلة الدراسات الإنسانية جامعة كفر الشيخ، العدد ٢٦.
١٠. بدران، محمد أبو الفضل (٢٠١٥)،أهمية النقد الأدبي البيئي في الدراسات النقدية، بحث منشور ضمن أعمال المؤتمر الدولي الرابع للغة العربية، دبي.

سێیەم: ئینتەرنێت

أ. زمانی کوردی

١. زادە, هاشم ئەحمەد, (٢٠٢٠)، رەخنەی ژینگەپی میوانی هەزری ئەدەبی، https://www.zamenpress.com

ب. زمانی عەرەبی

١. الثامري، عادل، (ب.ت)، النقد البيئي والنظرية الأدبية وحقيقة علم البيئة، https://darculture.gov.iq

٢. حمداوي، د. جميل, (٢٠١٢)، النقد البيئي أو الإيكولوجي، https://www.alukah.net

٣. غراندون، خوان غابرييل أرايا، (٢٠٢٥)، نحو منهج نقدي إيكولوجي في الأدب التشيلي المعاصر، ترجمة: شيماء مجدي، https://www.medameek.com

List of sources

First, the book

أ . Kurdish Language

1. Dalari, Dildar Ahmad (2019), 2139, 1st edition, Karo Printing House, Sulaimani.

b . Arabic Language

1. Hamdawi, Jamil, (2019), Theories of Literary Criticism in the Post-Innovation Stage,, Presented by: Dr. Ahmad Al-Kabdani, Al-Waka Network. B.T.

2. Al-Farak, Dr. Ahmad, (2020), Environmental Education and Development Questions and Ethics, New Environmental Language, Fatima Al-Fahriya Research and Studies Center (Mafad) Publications Dar al-Qalam, Vol. 1, Al-Rabat.

3. Nishar, Mustafa Hassan, (2018), Applied Philosophy and Development of Arabic Philosophical Lessons, Publishing and Distribution Relations, Vol. 1, Egypt.

Second, the magazine

a. Kurdish Language

1. Amin, Sabrwan Jabar and Zharawa, Mahdi Ahmad High School, (2022), Analysis of several poetic texts according to the theory of environmental criticism, Researcher Magazine, Volume 5, No.

2. Ibrahim, Mohammad Ibrahim (2024), Reading the text of Suvaray Ilkhanizadeh's poem (Shar) from the perspective of ecological criticism method, University Journal of Humanities, Vol. 28, No.

3. Qaradaghi, Dilawar, (2020), Here and There Rain, Far Away Sun, First Edition, Tehran.

4. Mohammed, Fuad Rashid (P.D.), (2018), Poem of the Will of the Earth, Kajal Mohammed, in the Light of Ecological Criticism, Journal of Raperin University, No.
5. Nehili, Nemat Allah (2021), Ecacriticism - Environmental Criticism, Moon Magazine, No.
b . Arabic Language
1. Adami, D. Khamisi (2021), From the Time of the Green Language - An Effort in Understanding Environmental Literature and Criticism, Abulios Magazine, Volume 8, Number
2. Ismail, Ismail Ahmed Al-Sayed, (2025), Abdul Ismail Al-Tahtawi's Poetry in the Light of Environmental Criticism, First International Scientific Conference of the Faculty of Language العربية بجرجا،
3. Bratsch, Michael, (2007), Ecological Criticism, translated by Moein Rumiya, Nawafz Magazine, No. 36, Saudi Arabia.
4. Tabor, Nizal Jabri, and Al-Naas, Walid Shakir (2023), A Terminology of Environmental Criticism, Oruk Journal of Humanities Volume 16, Issue
5. Ali, Saeed Farghali Hamid, (2024), Environmental Criticism and Illustrations in the Narrative of Fear without Jahour by Ahmad Ibrahim al-Faqih, Journal of the Faculty of Arabic Language in Lebanon, Volume 28, First Issue.
6. Al-Antabali, Mohammed Abdul Nasser Mohammed, (2022) Poetry of Ma'roof al-Rasafi in the Perspective of Ecological Criticism, Journal of Arabic Language Bajraja, Al-Azhar University, Vol. (26), No. (5).
7. Ouf, Farid (2023), Biological Criticism; Vision and Application, Studies Magazine, Volume 12, Number
8. Ouf, Farid (2025), Zainab's Narrative for Muhammad Hussein Haykal: A Study from the Perspective of Secular Literary Criticism, Volume A: Language, Media and Society, Volume 12, Number
9. Mohammed, Hani Ali Saeed, (2022), “Environmental Literary Criticism; Ashur”, Journal of Humanities Studies, Kafr Al-Sheikh University, No.
10. Badran, Mohammed Abu Al-Fadl (2015), The Importance of Environmental Literary Criticism in Critical Studies, you will be.
Third, the Internet
أ . Kurdish Language
1. Zadeh, Hashim Ahmad, (2020), Environmental Criticism Guest of Literary Thought, https://www.zamenpress.com
b . Arabic Language
1. Al-Thamri, Adel, (B.T.), Environmental Criticism, Literary Theory and Environmental Science Reality, https://darculture.gov.iq

2. Hamdawi, Dr. Jamil, (2012), Environmental or Ecological Criticism, https://www.alukah.net
3. Grandon, Juan Gabriel Araia, (2025), Ecological Critical Methodology in Contemporary Chilean Literature, translated by Shima Majdi, https://www.medameek.com